# گوتاری ژنانە لە  نووسینی ژندا

م.ی.نژاد حسین شریف 1، م. ئالان محمد اورحمان 2 , م.ی. غەفوور عارف3

1بەشی زمانی کوردی- کۆلیژی زمان: nazhad.sharif@univsul.edu.iq
2 بەشی زمانی کوردی- کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت: ghafoor.khudhur@univsul.edu.iq
3 بەشی گەشتوگوزار- کۆلیژی بازرگانی-زانکۆی سلێمانی: alan.awrahman@univsul.edu.iq

**نووسەری پەیوەندیکار:** م.ی.نژاد حسین شریف*

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە ناساندن و پەرەپێدانی گوتاری "نووسینی ژن"ە، لەرێی وەڵامدانەوە بۆ پرسیارگەلێک سەبارەت بە وەرچەرخانە بنچینەییەکان و جومگەکانی پێوەندی ژن لەگەڵ زمان و کۆمەڵگە و دابونەریت و ئایینەوە، بۆ هێنانە کایەی گوتاری ژن لە چوارچێوەی "نووسینی ژن" بە هەموو خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانییەوە. لەم توێژینەوەیەدا هۆکارە بنجاکوتراوەکانی مێژووی کۆمەڵگە و لە ڕێگەیەوە تۆکمەیی ئەدەبی پیاوسالاریی و هۆکارەکانی لاوازیی و کزیی گوتاری نووسینی ژن دەستنیشانکراون. ژمارەیەک لە ژنە نووسەری نەریتیی پێش ڕاپەڕین و نووسەرانی دیدرروونی دوای ڕاپەڕین بەسەرکراونەتەوە کە ئەمەی دواین وەک خشتە سەرەتاییەکانی بونیادی گوتارەکە ڕەچاوکراون. توێژینەوەکە لە پای نەبوون یان کزیی رەخنەیەکی تایبەت بەم گوتارە، تووشی گێژاوێکی زانستیی بوو لە جیاکردنەوەی بەرهەمەکان وەک هەڵگری ئەم گوتارە ژنانەیە، بۆیە لەسەر بنەمای چوار توخمی سەرەکیی (بینیینی -تێڕوانین- کۆمەڵایەتیی و، رۆڵی تاک و خود و، قووڵایی دەربڕیین و هێمادارییە ڕەگەزییەکان و ئامانج لە بەرهەمهێنانی ئەدەبدا )، پێشنیاری مۆدێلێکی رەخنەیی کرد تایبەت بە "رەخنەی نووسینی ژن" کە ببێت بە بنەمایەکی زانستیی و رەخنەیی لە ساغکردنەوە و هەڵسەنگاندن و چاورروونی بۆ خوێنەر لە بەکارهێنانی ئەم گوتارەدا.

**وشە کلیلییەکان:** ڕەگەزی ژن، ژنە نووسەری نەریتیی، نووسینی ژن، نووسینی پیاو، پانتایی نووسین، رەخنەی نووسینی ژن

## 1-پێشەکی

### 2-ناونێشانی توێژینەوەکە بۆ (گوتاری ژنانە لە  نووسینی ژندا) تەرخانکراوە

### 3-کێشەی توێژینەوە:-

نەبوونی خەسڵەتگەلێکی ئاشکرا بۆ ناسیینەوەی گوتاری نووسینی "ژن" لە دنیای نووسیندا بە زمانی کوردیی، کە پێویست بە هەڵسەنگاندنێکی زانستییانە هەیە و، لێرەوە داڕشتنی خەسڵەتەکان بەپێی بەرهەمە بەردەستەکان و دۆزینەوەی جیاوازییەکانی لەگەڵ نووسینی "پیاو" دا، کە مێژوویەکی درێژی هەیە لە داگیرکردنی رووبەری نووسینی کوردییدا، پاشان دانانی رێساگەلێک بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم گوتارە.

### 3- گرنگیی توێژینەوە:-

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ گەشەپیدانی بوارێکی زیندووی ئەم سەردەمە، سەرەتا لەرێی تانوپۆکێشانی سنوور و پانتایی نووسینی "ژن" لەڕێی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی دنیای ژن و گرنگییەکانیان لە پێداویستبوونی جیابوونەوەی تەرز و دەربڕیین و دەستەواژە زمانییەکانیانەوە، هەوڵدەدات لەڕێگەی سۆراخ و پشکنیینە ئەدەبییە بەدەستهاتووەکانەوە، لە ڕێی دەستنیشانکردنی کاریگەریی و روالەت و هەژموونە کۆمەڵایەتیی و ئایینیی و دابەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە، گەلاڵەی وەڵامدانەوە و کاردنەوەی ژنە نووسەر بکات لە پێناوی ئامادەکردن و سازکردنی گوتاری نووسینی ژن بە پێی قۆناغەکە، ئەمەش بۆ پەرەدان بە توانا زمانی و ئەدەبییەکانیان لە دەربڕیین و بەرهەهێنانی بەرهەمەکانیان لە قووڵایی تایبەتمەندێتیی ژنانە و مژارە چارەنووسسازەکانیانەوە. دیارە توێژینەوە لەم بوارەدا زۆر بە کەمیی کراوە و کەمترین هەوڵی زانستیی و بنکۆڵکارییانەش کراون لە هەر باس و وتار و کۆنفرانسێکدا کە رەهەندی رەخنەی ئەدەبی ژن بگرێتەبەر کە تەنها گرنگ بدات بە تایبەتمەندیی و مژارەکانی ژن. بۆیە گرنگییەکی دیاری تری ئەم توێژینەوەیە "دەستپێشخەرێکی ناونیشانداره بۆ هاندان لەم بوارەدا ، بە لایەنە تیۆریی و پراکتیکیی و شیکارییەکانییەوە".

### 4-ئامانجی توێژینەوە:-

توێژیینەوەکە هەوڵدەدات، لەڕێگەی دیارییکردنی خەسڵەتەکانی نووسینی "ژن"ەوە، ئەم ئامانجانەی خوارەوە بهێنێتەدی:

١.زانینی رادەی ئاشنایەتیی و شارەزابوونی ژن، بە خەسڵەتە پیادەکراو بەکارهێنانەکانی ژن خۆیەوە لە نووسینە ئەدەبییەکانیاندا، هەروەها پیشاندانی ئەو  نموونانەی کە ئاشنایان کردووە بەم خەسڵەتانە .

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12561]
- **Submission Date:** [30/4/2026], **Revised Date:** [10/5/2026], **Accepted Date:** [26/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

٢.ناشنابوون بە رەهەندە سەرەکییەکانی تایبەتمەندیی رەگەزیی، لەبەرهەمهێنانی نووسینی "ژن' جیاواز لە نووسینی باو "نووسینی پیاو".

٣.ناشنابوون و خستنەڕووی ئەو بابەتانەی "ژن" لە نووسینەکانیاندا کاری لەسەر ئەکات.

٤.ئایا "ژن" لە ژانرە ئەدەبییەکانیاندا تا چەند سوود لە ئەدەبیاتی جگە لە زمانی کوردیی دەبینن، ئایا کاریگەرییەکانیان چەندە بە بەرهەم و مژارەکانیانەوە دیارە.

٥. "دەستپێشخەرییەک بۆ پەرەپێدانی رەخنەی نووسینی ژن یان ئەدەبی ژنان بە لایەنە تیۆریی و پراکتیکیی و شیکارییەکانییەوە".

**5- میتۆدی توێژینەوەکە:-**

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفیی شیکاریی و سۆسیۆلۆجییە، بە پشتبەستن بە تیۆرییە کۆمەڵایەتیی و ئەدەبییەکان لە پێناوی گەیشتن بە هەندێک راستیی زانستیی سەبارەت بە دیوی ناوەوەی خودی ژن و دیوی دەرەوەی قەواری پێگەی (کیان) ژن لە مامەڵە و لە رەفتارییدا لەناو کۆمەڵگەیەکی داخراو یان کراوەدا، بەو پێیەی دۆخی دەروونیی ژن و دەرکەوتە رەفتارییەکانی دەرخەری جۆرێتی شوناسی کۆمەڵایەتیی "ژن"ە لە کۆمەڵگەکەی خۆیدا کە کۆمەڵگەی کوردییە. لایەنە کۆمەڵناسییەکە هەوڵدەدات کاریگەرییەکانی رەگەز لە رەهەندە پێکهێنەرەکانی شوناسی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەبگرن، کە ژن دەربڕینە ئەدەبییەکانی لێوە دادەڕێژێت و هەمەجۆر دەقی لێبەرهەمدەهێنێت.

**6- ناوەڕۆکی توێژینەوەکە**

**١- کارلێکی رەهەندەکانی شوناسی کۆمەڵایەتیی و رەگەز**

**١-١ڕەگەزەکانی شوناسی کۆمەڵایەتیی**

**١/١-١) ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی (خێڵەکیی و مەدەنیی)**

لە زۆرێک لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییە ئیسلامییەکاندا، نۆرم و دابونەریت ڕۆڵێکی جێگیر بەسەر ژناندا دەسەپێنن کە راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ڕێرەوی نووسینی ژن هەیە. ژنانی نووسەر باسی بابەتەکانی وەک چەوساندنەوە، هاوسەرگیریی زۆرەملێ و جیاکارییان کردووە، چونکە نووسین بووەتە ڕێگایەک بۆ شکاندنی بێدەنگیی و دەربڕینی ئەزموونی کەسیی کە پێشتر نەبیستراوە.

لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەی کە ئەم جیهانە داخراوە سنووردارەی پێیدا تێپەڕیوە، وەک زیادبوونی دەرفەتی خوێندن، کار، کۆچبەریی، و بڵاوبوونەوەی میدیا، بەشداریی ژنان لە بواری گشتیدا زیادیکردووە، نووسینی فێمینیستی لە بابەتی کەسی تەسکەوە گۆڕاوە بۆ چارەسەرکردنی بابەتی فراوانتر وەک ناسنامە و ئازادیی و دادپەروەریی.

ئاستی بەرزی پەروەردەی ژنان هەروەها یارمەتیدەر بووە بۆ زیادبوونی بەرهەمی ئەدەبی ژن و هەمەجۆری شێواز و بابەت لە نێوان ڕۆمان و شیعر و وتاردا کە قووڵایی و کاریگەرییەکی زیاتری بە نووسینی ژن بەخشی لە کۆمەڵگەدا.

**١/١-٢) ڕەهەندی کولتووریی (داب و نەریت و ئایینیی)**

ئایین و دابونەریت کاریگەرییەکی قووڵ و ئاڵۆزیان لەسەر ئەدەبیاتی ژن هەبووە لە جیهانی عەرەبیی و ئیسلامییدا، چونکە ئەم فاکتەرانە ئەو چوارچێوەیەیان پێکهێناوە، کە نووسینی ژن تیایا کارلێکدەکات و ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی دەبێتەوە.

ئایین ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە داڕشتنی بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا، چونکە تێکستە ئایینییەکان زۆرجار بە شێوازێکی تەقلیدی لێکدەدرێنەوە کە ڕۆڵێکی تایبەت بە ژنان دەبەخشێت کە جەخت دەکاتە سەر خێزان و ماڵ و ئازادییان لە بواری گشتیدا سنووردار دەکات. ئەم چوارچێوە ئایینییە، وەک لە هەندێک کۆمەڵگەدا تێگەیشتوون و جێبەجێ دەکرێن، ژینگەیەکی کەلتووریی وەهایان دروستکردووە کە سنوور بەسەر دەربڕینی ژندا دەسەپێنێت، کە وای لە زۆرێک لە نووسەران کردووە رەخنە لەو لێکدانەوانە بگرن و هەوڵ بدەن دەقە ئاینییەکان لە ڕوانگەیەکی ژنئاراییەوە بخوێننەوە کە ماف و کەرامەتی ژنان دەردەخات.

بۆیە، کاریگەرییەکە لەیەک چوارچێوەدا نامێنێتەوە، بەڵکو دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئایین تێکەڵ دەبن بۆ پێکهێنانی سیستەمێک لە یاسای نەنووسراو، کە هەڵسوکەوت و ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگادا پێناسە دەکات. نۆرمە نەریتییەکانی وەک ڕێزگرتن لە شەرەف، هاوسەرگیریی زوو یان زۆرەملێ، و جیاکاریی رەگەزیی هەموویان بابەتێکن کە زۆر جار لە ئەدەبیاتی ژن دا لەم کۆمەڵگە ئایینداریی و خێڵەکییانەدا دووبارە دەبنەوە وەک ئەو بابەتانەی کە ژنان ئەزموونی ئەکەن. ئەم نەریتانە بەربەست بوون لەبەردەم بەهێزکردنی ئەم تەرزە نووسینە، بەڵام لە هەمان کاتدا هاندەری زۆرێک لە نووسەرانی ژن بوون بۆ گەڕان بە دوای گوتارێکی تایبەت بە خۆیان و لەڕێی ئەوەوە بتوانن نووسین وەک ئامرازێک بۆ بەرگریی و بەرەنگاربوونەوە ساز بکەن.

**١/١-٣) ڕەهەندی سیاسیی (هزری راستڕەو و هزری چەپڕەو)**

سیاسەت و کێشە سیاسیەکان و بزووتنەوە ئایدۆلۆجییەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر پەرەسەندنی ئەدەبی ژن لە جیهانی عەرەبیی و ئیسلامییدا هەبووە ، چونکە ئەم فاکتەرانە یارمەتییدەر بوون لە داڕشتنی بابەتەکانی نووسینی ژن و چوارچێوە رەخنەیی و کۆمەڵایەتییەکانی.

جەنگ و داگیرکاریی و شۆڕشەکان ئازارەکانی مرۆڤیان خستەڕوو، لەوانە ژنان، هانی نووسەرانی ژن دەدەن ئەدەب وەک ئامرازێک بۆ دۆکیۆمێنتکردن، بەرگریت و دەربڕینی ئەزموونی تاکەکەسیت و کۆمەڵایەتیت بەکار بهێنن. ڕووداوە سیاسییەکان بابەتی نوێیان لە نووسینی ژن بەرهەمهێناوە، وەک لەدەستدانی مافەکان، توندوتیژی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، ئاوارەیی و کۆچبەریی، هەروەها داواکاریی بۆ یەکسانیی و دادپەروەریی.

لێرەوە، بزووتنەوەکانی ژن و سیاسییەکان یارمەتییدەر بوون لە هۆشیارکردنەوەی ژنان سەبارەت بە مافەکانیان کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەدەبی ژن لە رووی بابەت و شێوازەوە هەبووە. ژنانی نووسەر دەستیانکردووە بە لەخۆگرتنی بابەتە گشتییەکان لە دەرەوەی ئەزموونی تاکەکەسیی، وەک بەشداربوونی سیاسەت، پەروەردە، کار و ئازادییە گشتییەکان، کە بوون بەهۆی فراوانبوونی نووسینی ژن لە چێرۆکی کەسییەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی فراوانتر.

له هەمانکاتدا، قەیرانی سیاسیی هانی نووسینی ژنی داوە زمانێکی بوێرانەی بەرگریی بگرێتەبەر، چونکە تێکستەکان بوونەتە ئامرازێک بۆ رەخنەگرتن لە دەسەلات و سیستەمە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان کە رۆڵی ژنان سنووردار دەکەن. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، وەک داواکاریی مافەکانی ژنان و بەشدارییکردن لە جوڵانەوەی مەدەنیی، هەروەها فەزایەکی نوێیان بۆ نووسین و بڵاوکردنەوە درووستکردووە و ئامادەیی ژنان لە گۆڕەپانی ئەدەبییدا بەهێز کردووە.

کەواتە دەتوانین بڵێین کە کێشە سیاسییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تەنها پاشخانی ئەدەبیی ژن نەبوون، بەڵکو هێزێکی پاڵنەری سەرەکیی بوون بۆ دەوڵەمەندکردنی نووسینی ژن، فراوانکردنی خولگەی و گۆڕینی گوتاری ژن لە ئەزموونێکی تاکەکسییەوە بۆ دەنگێکی رەخنەیی و کۆمەڵایەتیی کە کاریگەریی لەسەر واقیع هەبێت و داوای گۆڕانکاری بکات.

## ٢-١) کاریگەریی ڕەگەز لەسەر نووسین

### ٢/١-١) ڕەگەز لە کۆمەڵگەی زمانییدا

سادەترین چەمکی رەگەز بریتییە لە جیاوازیی تایبەتمەندییە بایۆلۆژییەکان بە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتیی و دەروونییەکانەوە و.... هتد. بە گوێرەی سیمۆن دی بۆڤوار، "مرۆڤ بە ژن لەدایک نابێت، بەڵکو ئەبێت بە ژن". (دوبووار, 1387 :100) مێینەیی و رەفتاری ژنانە لەلایەن کۆمەڵگە و کولتوورەوە درووستدەبن. ژنبوون و پیاوبوون دوو زاراوەن کە پێوەندییان بە بابەتی جەستەییەوە هەیە لە ڕووی رەگەزەوە، بەڵام ژنانەبوون و پیاوبوون دوو زاراوەن کە پێوەندییان بە بابەتی کۆمەڵایەتیی دوو رەگەزەکەوە هەیە. ترادگیل لە کتێبی (زمانەوانی کۆمەڵایەتیی)دا ئاماژە بەوە دەکات کە ژن و پیاو لە ئەنجامی هەڵسوکەوتە جیاوازەکانیاندا بە شێوەیەکی جیاواز قسە دەکەن و زمان هۆکارێکە کە ئەم جیاوازییە نیشاندەدات و بە سادەیی وەک ئامرازێک بەکاردێت. ئەوە نییە زمان لە بنەڕەتدا بەرەگەز کرابێت، بەڵکو لە ئەنجامی رەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دوو رەگەزە بە دوو شێوە بەکاردێت. "هەروەها زمان نەک تەنها بەپێی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکەر (وەک چینە کۆمەڵایەتییەکەی، گرووپە رەگەزییەکەی، تەمەن و رەگەزەکەی) بەڵکو بەپێی ئەو زەمینە کۆمەڵایەتییەی کە خۆی تێدا دەبینێتەوە، دەگۆڕێت".(ترادگیل ١٣٧٦: ١٠٣ ) لەم چوارچێوەیەشدا زمانناسان دەستەواژەی "جیندەر"یان بۆ وەسفکردنی جیاوازییە زمانییەکانی نێوان ئەو دوو رەگەزەیان داهێناوە، کە ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە زمان کە پەیوەستە بە قسەکەرێکی نێر یان مێینەوە.

یەکێک لەو ڕووداوانەی کە لە دوای رۆشنگەریی لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا ڕوویانداوە، هەستکردنە بە بێ شوناسبوون لای نووسەرانی ژن و نیگەرانییەکانیان لە دەسەلاتی زمانی پیاودا." (پایند ١٣٨٢: ٢١) مشتومڕ لەسەر بوونی شێوازێک کە پێی دەوترێت شێوازی ژنانە، بابەتێکە کە لە ئەنجامی گەرانی توێژەرانی زمانیی کۆمەڵایەتییە لەسەر بنەمای جیاوازییە زمانەوانییەکانی نێوان ژن و پیاو سەریهەڵداوە "بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو بابەتە کۆمەڵایەتییانەی کە لە کۆمەڵگەدا گۆرانکاریان بەسەردادێت کاریگەرییان هەیە و شێوازی نووسینیش لە بیر و زمانەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە دەکرێت باوەڕ بە بوونی شێوازێک هەبێت کە پێیدەوترێت شێوازی ژنانە. ( یونسی و همکاران 1389: 95)

بۆیە شێوازی جیاوازیی نووسینی ژن کاتێک سەریهەڵدا کە ژنان لە بەکاربەری ئەدەبەوە گۆڕا بۆ یەکێک لەو گرووپانەی کە ئەدەبیان بەرهەمهێنا. (پایاندە) لەو پێوەندییەدا باوەڕیوایە "ئایدیۆلۆژیای پیاوسالاریی ژن بە بوونەوەرێکی لاواز دەزانێت و هەر بۆیەش لە دونیای ئەدەبدا کە لە بنەڕەتدا لەلایەن پیاوەوە بەڕێوەدەبرێت، ڕێگە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ژنی نووسەر نادات. بەم شێوەیەش بۆ دۆزینەوەی ئەگەری چاپکردنی بەرهەمەکانیان، ژنان ناچار دەبن ڕوو لە نووسینی پیاوە بکەن و، لە ئەنجامی ئەو فشارانەی کۆمەڵگەی ئەدەبی پیاوسالاریی هەیانە، ژنان ڕوویان لێدەکات بۆ درووستکردنی ئەدەبیاتی خۆیان." (پایاندە، 1397: 93)

لاکۆف، بێگەردیی ژن لە قسەکردندا بە زمانێکی لاواز لە قەڵەمدەدات و هۆکاری سەرەکییەکەی بە هەژموونی پیاو دەزانێت و، هۆکاری ئەم زاڵبوونەش پلەبەندیی سرووشتیی رەگەزەکانە. لە ڕوانگەی ئەوەوە ژن وەک بوونەوەرێکی پلە دوو سەیر ناکرێت: "ئەوان تەنها لە شێوەی پێناسەیەکدا بوونیان هەیە کە پیاو پێیاندەبەخشن(لاکۆف، 1399: 57 ) ؛ تا ڕادەیەک ڕوونە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەگەر ژن بگاتە پێگەیەک، ئەوە تەنها لە ڕێگەی پێگەی باوکانە و مێردانەوە دەبێت." (مەدرسی ١٣٨٧: ١٤) ئەم جیاوازییانە رەنگە زۆر گەورە یان بچووک بن. پیاو بە هۆکاری جۆراوجۆر خۆیان لە بەکارهێنانی هەندێک وشە بەدوور دەگرن، وەک ئەو بابەتانەی کە لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە قەدەغەن کە خۆیان بوونەتە تابو بۆ هەندێک ڕەفتاری زمانیی و نازمانیی. جاسپێرن "ئاماژە بە تابۆ دەکات و بە هۆکاری جیاوازیی زمانەوانیی نێوان ژن و پیاوی دەزانێت". (هەمان سەرچاوە: ١٦٣) هەروەها نانسیس پێی وایە کە "بابەتەکانی گفتوگۆی نێوان ژنان و پیاو جیاوازن و بۆ پیاو بابەتەکانی وەک سیاسەت، وەرزش، جۆرەکانی ئۆتۆمبێل، پرسە ئابوورییەکان و بازرگانیی لە پێشترن لە بابەتەکانی پەیوەست بە خۆراک و پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوو و باری پەروەردەیی منداڵان کە بابەتەکانی گفتوگۆی ژنانن." (نرنسیسانس، ١٣٨٧: 29) ئەمانە هەمان ئەو بابەتانەن کە بە گشتیی شێوەی قسەکردنی ژنان پێکدەهێنن. ئەم جیاوازییانە دەتوانن هۆکاری جۆراوجۆریان هەبێت، لەوانە: هۆکاری کۆمەڵایەتیی، پێوەندییە ئابوورییەکان، تەوژمە کولتوورییەکان و هتد. تەنانەت جۆری پێوەندیی نێوان ژن و پیاو، هەروەها ئەزموونەکانی ژیانیان فۆرمێکی جیاواز وەردەگرێت. زمانناسانیش گرنگی بەم جیاوازییانە دەدەن.

هەروەها هەندێک لە توێژەران وردەکارییەکان بە سیفەتێکی ژنانە دەزانن و بە سرووشتیش ئەمە لە بابەت و گفتوگۆ و نووسینی ژنە نووسەرەکاندا رەنگدەداتەوە. حوسێنی پێی وایە، "ئەم وردەکارییە لە کەسیی ژندا پێوەندیی بە کنجکاوی تایبەت بە مێینە و دەرفەت و کات بەسەربردنێکی گەورەتریانەوە هەیە بە بەراورد بە پیاو بۆ دەربڕینی وردەکارییەکان، هەروەها پێیوایە کە بەو پێیەی نووسەرانی ژن چەندین سەدە چاوەڕێی نووسین بوون، ئێستا کە دەرفەتەکە گونجاوە، هەرچییان بوێت دەینووسن بەبێ ئەوەی شوێن لۆژیکیی چیرۆکەکە پەیرەو بکەن". (حوسێنی، 1384: 97) "نووسەرانی ژن کارەکتەرە ژنەکانی چیرۆکەکە و دۆخ و ناسنامەکەیان لە ژێر کاریگەریی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە پیاوسالارییە سەپێنراوەکان و دەسەڵاتی زمانیی پیاو نیشاندەدەن، زمانی نووسراوی چیرۆکەکان،


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12561]
- **Submission Date:** [30/4/2026], **Revised Date:** [10/5/2026], **Accepted Date:** [26/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

رەنگدانەوەی بیروباوەڕەکان، هەستی ژنانە، قسەکردن لەسەر ئەندامی سێکسیی، گرنگیدان بە هەستکردن بە بێزاریی و بێزاریی لە ژن، نارەزایەتیی دەربڕین بەرامبەر بە... نیگای خیانەتکارانەی پیاو، هەڵبژاردنی رستەی کورت و... بە هەوڵێک بۆ گەیشتن بە شێوازێکی ژنانە دادەنرێت ." (قاسمزاده و عەلی اکبری، 181:1395)

### ٢-٢/١) جیاوازیی ڕەگەزیی لە نووسیندا

نووسین، وەک یەکێک لە ئامرازە گرنگەکان بۆ پێوەندییگردن و گواستنەوەی زانیاریی، لە ژێر کاریگەریی هۆکارە تاکەکەسیی و کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکاندایە. لایەنێکی گرنگی ئەم کاریگەرییە جیاوازیی رەگەزییە لە شێوازی نووسیندا. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە رەنگە ژن و پیاو جیاوازییان هەبێت لە هەڵبژاردنی وشەسازیی، پێکهاتەی رستە، تۆن، گرنگییدان بە وردەکاریی و شێوازی دەربڕینی بیرۆکەکان (Crystal, 2006; Leech & Short, 2007).

١-یەکێک لە جیاوازییە گرنگەکانی نووسینی ژن و پیاو، شێوازی دەربڕینە. توێژینەوەکان دەریدەخەن زۆرجار ژن شێوازێکی وەسفکەر و سۆزدارییی زیاتر بەکاردەهێنن. ئەم شێوازە زیاتر سەرنجی لەسەر وردەکارییەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دەربڕینی ئەزموونە کەسییەکانە.

لە بەرامبەردا پیاو مەیلیان هەیە شێوازێکی نووسینی راستەوخۆ و لۆژیکیی بەکاربهێنن. نووسینەکانیان زیاتر لەسەر گەیاندنی زانیاریی و خستنەڕووی ئارگیومێنتی روونە. ئەم جیاوازییە شێوازە لە پێوەندیی زانستی و ئەدەبی و تەنانەت رۆژانەشدا دەبینرێت.

لێکۆڵینەوە لە جیاوازیی رەگەزیی لە نووسیندا گرنگە چونکە:

باشترکردنی فێرکردن و فێربوون: تێگەیشتن لە شێوازە جیاوازەکانی نووسین دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە پەرەپێدانی بەرنامە پەروەردەییەکان کە بەپێی پێویستی خوێندکاران و نووسەران بگونجێت.

زیادکردنی کاریگەریی دەق: تێگەیشتن لە شێوازی نووسینی ژنان و پیاو دەتوانێت ببێتە هۆی گواستنەوەی پەیامی کاریگەرتر لە دەقی ئەکادیمی و پیشەیی و میدیایی.

شیکاری دەروونیی و کۆمەڵایەتیی: وردبوونەوە لەم جیاوازییانە رۆشنایی دەخاتە سەر دیدگا کۆمەڵایەتیی و دەروونییەکانی پەیوەست بە رۆڵی رەگەز لە پێوەندیی نووسراودا.

توێژینەوە کلاسیکییەکان لەم بوارەدا پێشنیاری ئەوە دەکەن کە ژنان زۆرجار زمانی وەسفکەر، هاوسۆزیی و وردەکارییەکان بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا پیاو مەیلیان هەیە راستەوخۆ، شیکاریی و ئەنجام-ئاراستەکراو بن (Tannen, 1990; Eagly & Carli, 2007). بەڵام جیاوازیی رەگەزیی لە نووسیندا جێگیر نییە و لە ژێر کاریگەریی کولتوور و پەروەردە و ئەزموونی تاکەکەسییدایە.

## ٢) تایبەتمەندییەکانی شێوازی نووسین

### ٢-١) نووسینی پیاو

#### ٢-١-١) زمانی ڕاستەوخۆ و فەرمییتر

پیاو مەیلیان هەیە لە نووسینەکانیاندا زمانی ڕاستەوخۆ و پوخت و فەرمی بەکاربهێنن. ئەم شێوازە نووسینەکە روون و بە مەبەست و بۆ بینەر تێگەیشتوو ئەکات و کەمتر هەست و سۆز یان روونکردنەوە وردەکان دەرببڕێت.
( تانێن، د. (١٩٩٠). تۆ تەنها تێناگەیت: ژن و پیاو لە گفتوگۆدا.)

#### ٢-١-٢) گرنگیدان بە زانیاریی و شیکاریی لۆژیکییانە

زۆرجار نووسینی پیاو لەسەر پێشکەشکردنی زانیاریی و شیکردنەوەی داتا وهەڵێنجانی لۆژیکییە. ئەوان مەیلیان هەیە بۆ دەرەنجامە روون و وردەکان و کەمتر روونکردنەوەی کەسی یان سۆزداریی بەکاردەهێنن.
( ئیگلی، ئەی.هـ.، و کارلی، ل.ل. (٢٠٠٧). لە رێگەی لابیرینتەوە. (چاپخانەی هارڤارد بزنس ڕیڤیو).

#### ٣-١/٢) کەمتر بەکارهێنانی دەربڕینی سۆزداریی

بە پێچەوانەی ژنانەوە، پیاو کەمتر هەست و باری دەروونیی لە نووسینەکانیاندا دەردەبڕن. نووسینەکانیان بەزۆری بابەتییانە و واقیعییانە و سەرنجیان لەسەر راستییەکان و داتاکانە.
( لیچ، گ.، و شۆرت، م. (٢٠٠٧). ستایل لە چیرۆکی خەیاڵییدا.

#### ٤-١/٢) زیاتر گرنگیدان بە پێکهاتە و ئەنجام

پیاو مەیلیان هەیە دەقەکەیان بە پێکهاتەیەکی سیستماتیکی و لۆژیکیی بخەنەڕوو و ئەنجامێکی روونیان هەیە. ئەم تایبەتمەندییە وا ئەکات نووسینەکە شوێنکەوتوو و ئامانجدار بێت، خوێنەریش بە خێرایی دەگاتە پەیامی سەرەکیی.
هایلاند، ک. (٢٠١٩). نووسینی زمانی دووهەم. چاپخانەی زانکۆی کامبریج.

### ٢-٢) نووسینی ژن

#### ١-٢/٢) زیادبەکارهێنانی دەربڕینی سۆزداریی

ژن زیاتر لە نووسینەکانیاندا هەست و سۆز و ئەزموونی ناوەوە دەردەبڕن. ئەم تایبەتمەندییە وا دەکات نووسینەکەیان هاوسۆزتر بێت و پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ خوێنەردا دادەمەزرێنێت. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە ئەم شێوازە، هاندەری خوێنەرە بۆ ئەوەی باشتر لە ناوەڕۆکی نووسراو تێبگات و قبووڵ بکات.
(تانێن، د. (١٩٩٠).ژنان بەزۆری زمانی وەسفکەر و هاوسۆزیی و سۆزداریی بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا پیاو شێوازێکی نووسینی راستەوخۆ و شیکاریی و ئەنجام-ئاراستەکراویان هەیە (Tannen, 1990; Leech & Short, 2007

#### ٢-٢/٢) گرنگییدیان بە وردەکاریی و پێوەندیی مرۆڤایەتیی

ژنان بە گشتیی لە نووسینەکانیاندا زیاتر گرنگی بە وردەکاریی و پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان دەدەن. ئەم تایبەتمەندییە وا ئەکات چیرۆک یان وتارەکانیان دەوڵەمەندتر و وردتر و بە پێکهاتەیەکی پێوەندییی

ئاڵۆزتر. زۆرجار ژنە نووسەرەکان تیشک دەخەنە سەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییە هاوبەشەکانی نێوان مرۆڤەکان.
( ئیگلی، ئەی.هـ.، و کارلی، ل.ل. (٢٠٠٧). لە رێگەی لابیرینتەوە. چاپخانەی هارڤارد بزنس ڕیڤیو.

**٣-٢/٢ ) بەکارهێنانی زمانی وەسفیی و سۆزداریی**

بەکارهێنانی سیفات و مێتافۆر و وەسفی وردی ژینگە و کارەکتەر و باری دەروونیی ئەوانی تر، تایبەتمەندییەکی جیاوازیی نووسینی ژنانە. ئەم شێوازە نووسینە دەقەکە زیندووتر و سەرنجڕاکێشتر و بارگاوییەکی سۆزدارتر دەکات.
سەرچاوە: لیچ، گ.، و شۆرت، م. (٢٠٠٧). ستایل لە چیرۆکی خەیاڵییدا.

**٤-٢/٢) گرنگییدان بە ئەزموونی کەسیی و کۆمەڵایەتیی**

زۆرجار ژنان لە نووسینەکانیاندا سوود لە ئەزموونی کەسی و یادەوەریی و تێبینییە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن. ئەم جەختکردنەوەیە نووسینەکە مرۆڤایەتیتر دەکات و لەسەر بنەمای ژیانی ڕاستەقینە بێت و خوێنەر زیاتر هەست بە پێوەندیی دەکات.
سەرچاوە: گیلیگان، سی.(١٩٨٢). ژنان زیاتر سەرنجیان لەسەر ئەزموونە کەسییەکان و پێوەندییە مرۆییەکانە، لەکاتێکدا پیاو زیاتر گرنگی بە زانیاری و شیکاری لۆژیکیی دەدەن (Eagly & Carli, 2007).
ژنان مەیلیان هەیە دەقگەلێکی دەوڵەمەند بە وردەکاریی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەم بهێنن، لە کاتێکدا پیاو دەقی ستراکتۆر و ئامانجدار بەرهەمدەهێنن (Gilligan, 1982; Hyland, 2019).

**٣/٢) هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر جیاوازییی نووسین لە نێوان ژن و پیاودا**

**١-٣/٢) هۆکارە کولتوورییەکان**

فاکتەرە کولتوورییەکان لە بنەڕەتیترین گۆڕاوەکانن کە جیاوازیی ڕەگەزیی لە نووسیندا ڕووندەکەنەوە، چونکە کولتوور وەک سیستەمێکی بەها و نۆرم و بیروباوەڕی هاوبەش، ئەو چوارچێوەیە دابیندەکات کە لە چوارچێوەیدا بەکاربردنە زمانییەکان لە قاڵبدەدرێن و مانایان پێدەدرێت. لەم ڕووەوە جیاوازیی نووسین لە نێوان ژن و پیاودا بەبێ ڕەچاوکردنی زەمینەی کولتووریی ناتوانرێت شیکار بکرێت.
لە ئاستی ماکرۆدا، کولتوور دیاری ئەکات کە چ جۆرە ڕەفتاری زمانیی بە "گونجاو" یان "خوازراو" دادەنرێت بۆ هەر ڕەگەزێک. بۆ نموونە، لە زۆرێک لە کولتوورەکاندا، چاوەڕواندەکرێت ژن لە پێوەندییگرتنیاندا - لەوانەش نووسیندا- بە ئەدەب و ناڕاستەوخۆ و هاوسۆزیی بن لە کاتێکدا پیاو هاندەدرێت زمانی روون و ڕاستەوخۆ و جەختکەرەوە بەکاربهێنێت. ئەم جیاوازییە لە چاوەڕوانییە کولتوورییەکاندا راستەوخۆ لە هەڵبژاردنی وشەسازیی و، پێکهاتەی رستە و تۆنی نووسیندا ڕەنگئەداتەوە (هۆفستێد، ٢٠٠١، ل ٢٧٩-٢٨١).
لە ڕوانگەی تیۆرییە بڕبڕە کولتوورییەکانەوە، دەتوانرێت کولتوورەکان بە درێژایی ڕەهەندەکانی وەک "تاکگەرایی بەرامبەر بە کۆمەڵگەرایی" و "مەودای دەسەڵات" شیبیکرێنەوە. لە کولتوورە بەکۆمەڵگەراییەکاندا کە جەخت لەسەر پاراستنی پێوەندییەکان و هاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتیی دەکەنەوە، ژنان زیاتر زمانی ناڕاستەوخۆ و کارلێککارانە بەکاردەهێنن. لە بەرامبەردا، لە کولتوورە تاکگەراییەکاندا، زمانی ڕاستەوخۆتر و دەربڕینی ڕوونتر لە بۆچوونەکان- کە زیاتر پەیوەستن بە نەخشە پیاوسالارییەکانەوە- زیاتر باون (Hofstede, 2001, pp. 279-281).
لە ئاستی مایکرۆدا کولتوور لە ڕێگەی دامەزراوەکانی وەک خێزان و پەروەردە و میدیاوە دەگوازرێتەوە و وردە وردە ئەچێتە ناوەوە. ئەم ناوەکیکردنە ئەبێت بە هۆی ئەوەی تاکەکان نەک تەنها بەپێی نۆرمەکانی کولتووریی قسە بکەن، بەڵکو هەمان نەخشەکان لە نووسیندا بەرهەمبهێننەوە. بۆ نموونە ئەو دەقانەی کە ژنان لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا بەرهەمیان هێناوە، زیاتر سەرنجی ئامادەبووان ئەدەن و زمانی ڕێزدار بەکاردەهێنن و هەوڵ ئەدەن هاوسۆزیی درووستبکەن.
لە لایەکی ترەوە، چەشنی کۆنەپەرستانە کولتوورییەکانیش ڕۆڵێکی گرنگ لە داڕشتنی ئەم جیاوازییانەدا دەگێڕن.ئەم چەشنە چەشنە کۆنەپەرستانە کە زۆرجار ژن وەک سۆزداریی و پیاو وەک عەقڵانی نیشان دەدەن، دەتوانن کاریگەریی ان هەبێت لەسەر تێڕوانینەکانی نووسەران و وایان لێبکەن هەندێک شێوازی نووسین بەکاربهێنن. لە ئەنجامدا جیاوازیی زمانی نەک هەر ڕەنگدانەوەی کولتوورە، بەڵکو یارمەتییدەرە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی (کامیرۆن، ٢٠٠٧، ل ١٥-٢٠).
جگە لەوەش پێویستە گرنگی بە داینامیکی کولتوور بدرێت. کولتوورەکان جێگیر نین، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات و لە ژێر کاریگەریی هۆکارەکانی وەک جیهانگیریی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و پێشکەوتنی پەروەردەیی دەگۆڕڕێن. ئەم گۆڕانکارییانە دەتوانن ببنە هۆی کەمبوونەوە یان پێناسەکردنەوەی جیاوازییە رەگەزەییەکان لە نووسیندا. بۆ نموونە لەو کۆمەڵگەیانەی کە یەکسانی جێندەریی زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە، جیاوازیی شێوازی نێوان ژن و پیاو کەمتر لە دەقی فەرمی و ئەکادیمیدا دیارە.
لە کۆتاییدا دەتوانرێت بڵێین کە هۆکارە کولتووریی یەکان ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن لە داڕشتن و بەهێزکردن و تەنانەت گۆڕینی جیاوازییە جێندەرییەکان لە نووسیندا. ئەم هۆکارانە نەک تەنها کاریگەریی ان لەسەر "چۆن" نووسین هەیە، بەڵکو دیاری دەکات کە کام شێوازی نووسین لە ڕووی کۆمەڵایەتیی ەوە بە پەسەندکراو یان بە خواستراو دادەنرێت

**٢-٣/٢) هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان**

ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی و پێکهاتەکانی دەسەڵات (شیکاری ورد)
ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی و پێکهاتەکانی دەسەڵات لە گرنگترین چوارچێوە روونکردنەوەکانن لە شیکردنەوەی جیاوازیی ڕەگەز ی لە نووسیندا. ئەم ڕێبازە لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە کە زمان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ پێوەندیگرتن ، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پێوەندییەکانی دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵدا. لە ئەنجامدا جیاوازیی نووسین لە نێوان ژن و پیاودا [ەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ جیاوازیی لە پێگەی کۆمەڵایەتیی، دەستراگەیشتن بە سەرچاوەکانی دەسەڵات و چاوەڕوانییەکانی ڕۆڵی جێندەریی.
بەپێی تیۆری "ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی" ژن و پیاو بە تێپەڕبوونی کات لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتییدا لە پێگەی جیاوازدا دانراون. ژنان زیاتر

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12561]
- **Submission Date:** [30/4/2026], **Revised Date:** [10/5/2026], **Accepted Date:** [26/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

پەیوەست بوون بە ڕۆڵەکانی وەک چاودێریکردن، پشتیوانی سۆزداریی و پاراستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتیی ەکان، لەکاتێکدا پیاو لە ڕۆڵەکانی پەیوەست بە دەسەڵات و بڕیاردان و کێبڕکێی کۆمەڵایەتییدا بوون. ئەم دابەشکردنەی ڕۆڵەکان نەخشە جیاوازەکانی بەکارهێنانی زمانی لە قاڵب داوە کە لە نووسینیشدا ڕەنگدەدەنەوە (Eagly & Wood, 2012, pp. 458–460).

لە ڕوانگەی شیکاری گوتاری ڕەخنەییەوە، زمان ئامرازێکە بۆ بەرهەمهێنانەوە و بەردەوامکردنی پێکهاتەکانی دەسەڵات. لەم چوارچێوەیەدا، تاکەکانی پۆستی خوارەوەی دەسەڵات مەیلیان هەیە ستراتیژی زمانی وریاتر و ناڕاستەوخۆ و نوانسدارتر بەکاربهێنن بۆ ئەوەی خۆیان لە ململانێ بەدوور بگرن یان قبوڵکردنی کۆمەڵایەتیی زیاتر بەدەستبهێنن. لە بەرامبەردا، تاکەکان لە پۆستە باڵاکانی دەسەڵاتدا زیاتر زمانی ڕاستەوخۆ، جەختکەرەوە و ڕێزمانی بەکاردەهێنن (Fairclough, 1989, pp. 62-65).

ئەم جیاوازییە لە نووسیندا بە چەندین شێوە خۆیان دەردەخەن. بۆ نموونە، ڕەنگە ژنان زیاتر دەستەواژەی پاراستن و پێکهاتەی لێکۆڵینەوە و زمانی ئەدەب بەکاربهێنن، لە کاتێکدا پیاو ڕەنگە زیاتر ڕستەی هەواڵ و پێکهاتەی ڕێزمانی جەختکەرەوە بەکاربهێنن. ناکرێت ئەم جیاوازییانە تەنیا بۆ تایبەتمەندیی تاکەکەسیی بگەڕێندرێتەوە، بەڵکو دەبێت لە چوارچێوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتیی ەکان و پێوەندییەکانی دەسەڵاتدا شیکارییان بۆ بکرێت.

جێنیفەر کۆەیتس (Jennifer Coates) لە کتێبی "ژنان، پیاو و زمان" (٢٠٠٤) دەریخستووە کە ژنان لە نووسین و وتاردا زیاتر لە وشەکانی پەیوەست بە هەست و سۆز، پێوەندیی کۆمەڵایەتیی و وەسفی ژیانی ناوماڵ بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا پیاو زیاتر لە وشە پەیوەست بە کێبڕکێ، پێگە کۆمەڵایەتیی و دەسەڵات کەڵک وەردەگرن (Coates, 2004, pp. 87-91).

هەروەها چەمکی "دەسەڵاتی ڕەمزی" لە زماندا گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەو گروپانەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی زیاتریان هەیە، توانای دامەزراندنی نەخشە زمانییەکانی خۆیان وەک "ستاندارد" یان "نۆرم"یان هەیە. لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا، شێوازە زمانییەکانی پەیوەست بە پیاوەوە- وەک ڕاستەوخۆیی، دڵنیایی و کورتی- وەک شێوازی "فەرمی" یان "پیشەیی" سەیرکراون، لە کاتێکدا شێوازە کارلێککارانەترەکان، کە زۆرتر دەگەڕێندرێنەوە بۆ ژنان، کەمتر بەهایان پێدراوە.

لە لایەکی ترەوە گرنگە ئاماژە بە داینامیکی ئەم پێکهاتانە بکەین. لەگەڵ گۆڕانی ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی ژنان و زیادبوونی بەشداریکردنیان لە بوارە پیشەیی و ئەکادیمییەکان و بڵاوبوونەوەی گوتاری یەکسانیخوازانە، شێوازە تەقلیدییەکانی دەسەڵات لە گۆڕاندایە. ئەم گۆڕانکاریانە وردە وردە کاریگەریان لەسەر شێوازی نووسین هەبووە، ئەمەش بووەتە هۆی یەکگرتنی زیاتر لە نێوان شێوازی نووسینی ژنان و پیاو.

بەڵام ئەو جیاوازییانە ی کە لە ئەنجامی پێکهاتەکانی دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرن، هێشتا لە زۆرێک لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکاندا دیارن. بۆ نموونە لە بارودۆخی فەرمی یان پلەبەندیدا، تاکەکان- بەبێ گوێدانە ڕەگەز - ڕەنگە شێوازی زمانی جیاواز بەکاربهێنن کە پێگەی خۆیان لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا ڕەنگبدەنەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕەگەز و دەسەڵات کارلێک ئەکەن بۆ ئەوەی شێوازی نووسین لە قاڵببدەن.

ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی و پێکهاتەکانی دەسەڵات بەیەکەوە وەرگیراون، چوارچێوەیەکی شیکاری دابیندەکەن کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت جیاوازییە جێندەرییەکان لە نووسیندا نەک وەک دیاردەی تاکەکەسیی بەڵکو وەک ڕەنگدانەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتیی ەکان و نایەکسانی پێکهاتەیی تێبگەین.

## ٣/٢-٣) ڕۆڵی پەروەردە و ژینگەی کۆمەڵایەتیی (شیکاری ورد)

سیستەمی پەروەردە و ژینگەی کۆمەڵایەتیی لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێکهاتن و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی جیاوازییە جێندەرییەکانن لە نووسیندا. ئەم دوو هۆکارە وەک دامەزراوە سەرەکییەکانی کۆمەڵایەتییکردنی لاوەکی، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە سەقامگیرکردن یان گۆڕینی نەخشەی زماندا دەگێڕن و دەتوانن ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبێت لەسەر شێواز و پێکهاتە و ئامانجی نووسینی تاکەکان.

لە بواری پەروەردەدا، شێوازەکانی وانەوتنەوە، ناوەڕۆکی پەروەردەیی و چاوەڕوانییەکانی مامۆستایان لە خوێندکاران بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ شێوازە ڕەگەز ییەکان بەرهەمدەهێننەوە. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە لە زۆرێک لە سیستەمەکانی پەروەردەدا کچان زیاتر هاندەدرێن بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی نووسینی وەسفکردن و دەربڕینی هەستەکان و بەشداریکردنی زارەکی، لەکاتێکدا کوڕان بەرەو دەربڕینی پوخت و وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆ و شیکاری ستراکتۆری دەبرێن. ئەم جیاوازییە لە چاوەڕوانییەکانی پەروەردەدا وردە وردە لە شێوازی نووسینی خوێندکاراندا دامەزراوەیی دەکرێت و لە ئاستە باڵاکانی پەروەردەدا بەردەوامە (هۆڵمێس، ٢٠١٣، ل ٣١٧-٣٢٠).

جگە لەوەش ناوەڕۆکی کتێبی خوێندن و دەقە پەروەردەییەکانیش ڕۆڵی هەیە لە داڕشتنی ئەو جیاوازییانەدا . نوێنەرایەتییە سترێئۆتیپییەکانی ڕۆڵی ڕەگەز ی- بۆ نموونە، وێناکردنی ژنان لە ڕۆڵی سۆزداریی و پیاو لە ڕۆڵی لۆژیکیی و پیشەیی- دەتوانیت کاریگەریی لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتن و بەکارهێنانی زمان هەبێت. ئەمەش دەبێت بە هۆی ئەوەی خوێندکاران بەبێ ئاگاداری هەندێک شێوازی نووسین بە ناسنامەی ڕەگەز ی خۆیانەوە ببەستنەوە.

لە لایەکی تروە، ژینگەی کۆمەڵایەتیی فراوانتر، لەوانەش بنەماڵە، میدیا و کولتووریی گشتی، کاریگەریی ەکی قووڵی لەسەر شێوازەکانی زمان هەیە. لەناو خێزاندا، جۆری کارلێکی زمانی دایک و باوک لەگەڵ منداڵەکانیان، تا چەند هاندەری گفتوگۆ و شێوازی وەڵامدانەوەیان بۆ دەربڕینی هەستەکان یان هەڵێنجان، هەموویان ڕۆڵیان هەیە لە داڕشتنی شێوازەکانی نووسیندا. بۆ نموونە ئەو خێزانانەی کە گفتوگۆی کارلێککارانە و هاوسۆزیی پەروەردە دەکەن، مەیلیان هەیە منالان بە شێوازی نووسینی وەسفکەر و کارلێککارانەتر پەروەردە بکەن.

هەروەها میدیا فاکتەری ژینگەیی سەرەکییە کە شێوازە زمانە تایبەتەکان بەرهەمدەهێنێتەوە. زۆرجار نوێنەرایەتییەکانی میدیا جیاوازییە کانی ڕەگەزی لە شێوازەکانی قسەکردندا بەهێزدەکەن و شێوازی تایبەتی "زمانی ژنانە" و "زمانی پیاوە" لە بینەراندا دەچێنن (Coates, 2004, pp. 138-140).

لە ڕوانگەی کولتوورییەوە، نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان دیاریدەکەن کە چ جۆرە زمانێک بە "گونجاو" دادەنرێت بۆ هەر ڕەگەز ێک. لە

زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا چاوەڕوان ئەکرێت ژنان لە نووسینەکەیدا بە ئەدەب و ناڕاستەوخۆ و هاوسۆزیی بن، لە کاتێکدا پیاو هاندەدرێن کە زمانی جەختکەرەوە و ڕاستەوخۆ بەکاربهێنن. ئەم نۆرمانە لە ڕێگەی پەروەردەی فەرمی و نافەرمیەوە دەگوازرێنەوە و لە شێوازی نووسیندا چەسپاون (Hofstede, 2001, pp. 279-281).

بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە سیستەمی پەروەردەش دەتوانێت ڕۆڵی چاکسازیش بگێڕێت. ڕێبازە پەروەردەییە مۆدێرنەکان کە جەخت لەسەر یەکسانی جێندەریی و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ئەکەنەوە، هەوڵئەدەن کە چەشنە کۆنەپەرستانە زمانییەکان کەمبکەنەوە و هانی خوێندکاران ئەدەن، بەبێ گوێدانە ڕەگەز ، بۆ بەکارهێنانی چەندین شێوازی نووسین.

بە گشتی پەروەردە و ژینگەی کۆمەڵایەتیی نەک هەر ڕۆڵێکی هەیە لە پێکهێنانی سەرەتایی جیاوازیی نووسیندا، بەڵکو دەتوانێت کاریگەر بێت لە پاراستن یان کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییانە . ئەمەش ئەوە دەردەخات کە جیاوازیی ڕەگەز ی لە نووسیندا بەرهەمی پرۆسەی فێربوون و بارودۆخی ژینگەییە نەک سروشتییێت. سەرباری ئەو جیاوازییانە ی لە نێوان نووسینی ژن و پیاودا هەیە کۆلەڵێک خاڵی لێکچووش لە نێوان ئەم دوو جۆرەی نووسیندا هەیە لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن شێوازی نووسینی ژن و پیاو کۆمەڵێک لێکچوون هەیە لە وانەش هەردوو جۆرەنووسینەکە دەتوانن دەقی لۆژیکیی و بنەماداربنووسن. توانای بەکارهێنانی سەرچاوە و بەڵگە زانستییەکان لە نووسیندا باو و ئاساییە. هەردووکیان دەتوانن کاریگەریان لەسەرخوێنەر هەبێت، هەرچەندە شێوازی کاریگەرییکردنەکە جیاوازە.

خاڵێکی گرنگ پێویستە ئاماژە پێبکرێت وەک لەتوێژینەوەکانیشدا باسکراوە کە ئەم جیاوازییانە لە نێوان نووسینی ژن و پیاودا ڕێژەیین نەک ڕەها چونکە جیاوازیی ڕەگەز ی لە نووسیندا لە ژێر کاریگەریی کولتوور و پەروەردە و ئەزموونی تاکەکەسییدایە.

هەندێک لە پیاو دەتوانن شێوازی نووسینیان هەبێت کە هاوشێوەی شێوازی نووسینی ژنان بێت و بە پێچەوانەشەوە. بۆیە جیاوازییە کان وەک ڕەوتی ئاماری و تێکڕای ڕەفتارەکان دەکۆڵرێنەوە نەک وەک "تایبەتمەندیی دیاریکراو" (Eagly & Wood, 2012).

**٢-٤) ئامانجی پێوەندییکردن**

ئامانجی پێوەندییکردن ئاماژەیە بۆ ئەو مەبەست و ئەرکانەی کە تاکەکان لە پرۆسەی پێوەندییکردن دا بەدوایاندا دەگەڕێن و یەکێکە لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی ڕوونکردنەوەی جیاوازیە ڕەگەز ییەکان لە نووسیندا. لە چوارچێوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییدا وا گریمانە دەکرێت کە ژن و پیاو نەک هەر بە شێوازی جیاواز قسە دەکەن، بەڵکو ئامانجی جیاواز لە بەکارهێنانی زماندا بەدوای خۆیدا دەهێنن؛ ئەم جیاوازییە لە ئامانجدا ڕاستەوخۆ لە شێواز و پێکهاتەی نووسیندا ڕەنگدەداتەوە.

بە گوتەی تانێن، شێوازی پەیوەندییکردنی ژنان زیاتر لەسەر بنەمای "دامەزراندن و پاراستنی پەیوەندیی" دامەزراوە، لەکاتێکدا پیاو زیاتر زمان بەکاردەهێنن بۆ "گواستنەوەی زانیاری و دامەزراندنی پێگە" ئەم جیاکارییە بە یەکێک لە بنەڕەتیترین جیاوازییە کان لە شیکاری زمانی ڕەگەز یدا دادەنرێت (Tannen, 1990, pp. 77-80). لە ئەنجامدا نووسینی ژنان زیاتر توخمە کارلێککارەکانی وەک ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر و گرنگیدان بە بینەر و بەکارهێنانی ئاماژەی هاوسۆزیی زیاتر لەخۆدەگرێت، لەکاتێکدا نووسینی پیاو زیاتر ڕاستەوخۆ و پوختە و سەرنجی لەسەر گەیاندنی زانیارییە.

لە ڕوانگەی شیکارییەوە دەتوانرێت ئەم جیاوازییە لە مەبەستی پەیوەنیگرتن دا لە چەند ئاستێکدا بکۆڵرێتەوە:

یەکەم: لەسەر ئاستی "ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان"، ژنان زیاتر نووسین بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و کەمکردنەوەی دووری نێوان نووسەر و بینەر و پاراستنی پەیوەندیی نێوان کەسەکان. ئەمەش زۆرجار دەبێت بەهۆی ئەوەی کە دەقەکانیان گەرمتر و ڕوونتر و هەندێکجاریش ناڕاستەوخۆتر بن لە تۆن. لە بەرامبەردا پیاو زیاتر سەرنجیان لەسەر ئەرکی ئامرازیی زمانە، نووسین وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی زانیاری کاریگەر و خێرا سەیردەکەن.

دووەم: لە ئاستی "پێکهاتەی دەق"دا، ئامانجە پەیوەندییە جیاوازەکان دەبێت بە هۆی جیاوازیی لە ڕێکخستنی ماددا. لە نووسینی ژناندا ڕەنگە پێکهاتەکە نەرمتربێت و وردەکاری و ڕوونکردنەوەکانی دەق لەخۆبگرێت، لەکاتێکدا لە نووسینی پیاودا زۆرجار پێکهاتەکە هێڵکارییە و ئامانجدارە و لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی ڕاستەوخۆی خاڵە سەرەکییەکان دامەزراوە.

سێیەم: لە ئاستی "ستراتیژی زمانەوانی"دا، ژنان زیاتر ستراتیژییەکانی وەک پاراستن، پرسیاری ناڕاستەوخۆ و دەربڕینی هاوسۆزیی بەکاردەهێنن بۆ بەرزکردنەوەی کارلێککردن. لە بەرامبەردا، پیاو زیاتر بەیاننامەی یەکلاکەرەوە، ڕێزمانی و هەواڵ بەکاردەهێنن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگیدان بە گەیاندنی پەیام (Coates, 2004, pp. 126-130).

هەروەها ئەتوانرێت ئەم جیاوازییانە لە چوارچێوەی تیۆری "ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی"دا شی بکرێتەوە. بەپێی ئەم تیۆرییە، ژنان بەهۆی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە کە پێوەندییان بە چاودێریکردن و پەیوەندییکردن و پاراستنی پەیوەندییەکانەوە هەیە، زیاتر ئامانجی پەیوەندیی کارلێککارانە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لەکاتێکدا پیاو زیاتر ئامانجی ئامرازی بەدوای خۆیاندا دەگەڕێن بەهۆی ڕۆڵەکانیانەوە کە پێوەندییان بە کێبڕکێ و پێکهاتەکانی دەسەڵاتەوە هەیە.

بەڵام گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە کە ئەم نەخشانە ڕەهانین. لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان دەریدەخەن کە ئامانجەکانی پەیوەندییکردن بە توندی کاریگەریی ان لەسەرە لە ژێر کاریگەریی زەمینەی کۆمەڵایەتیی، دۆخی پەیوەندییکردن ، ئاستی پەروەردە و تەنانەت جۆری دەق (زانستی، ئەدەبی، فەرمی). بۆ نموونە لە زۆرێک لە دەقە زانستییەکاندا جیاوازیی ڕەگەزی لە ئامانجە پەیوەندییدارەکاندا کەم دەبێت بە وە و نووسەران - بەبێ گوێدانە ڕەگەز - نەخشەی هاوشێوە پەیڕەو دەکەن.

بە کورتی دەتوانین بڵێین ئامانجەکانی پەیوەندییکردن وەک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە داڕشتنی جیاوازیی نووسینی نێوان ژن و پیاو؛ بەڵام ئەم ڕۆڵە هەمیشە لە کارلێککردن لەگەڵ هۆکارە کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکانی تردا دەبێت بە شتێکی مانادار.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12561]
- **Submission Date:** [30/4/2026], **Revised Date:** [10/5/2026], **Accepted Date:** [26/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

**۵/۲) تایبەتمەندیی زمانیی و ڕەوانبێژیی**

تایبەتمەندی زمانی و ڕەوانبێژی یەکێکە لە ئاستە گرنگەکانی شیکردنەوەی جیاوازیی ڕەگەزی لە نووسیندا، چونکە ئەم ئاستە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە پێکهاتەی دەق و هەڵبژاردنی وشەکان و شێوازی دەربڕینەوە هەیە. لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیە زمانییەکان دەریدەخەن کە ژن و پیاو لەژێر کاریگەریی پرۆسەی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی دا لە بەرهەمهێنانی دەقدا نەخشەی زمانیی جیاواز بەکاردەهێنن و دەکرێت ئەو جیاوازییانە لە ئاستی دەنگ وشەسازی و ڕستەسازی و گوتاردا پراگماتیکدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت.

**۶/۲)جیاوازیی نووسین لە نێوان ڕەگەزەکان بە پێی ئاستەکانی زمان**

**۶/۲-۱) ئاستی دەنگ (Phonological Level)**

لە ئاستی دەنگیدا، توێژینەوەکان دەریانخستووە کە نووسینی ژنان زۆرجار لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشە و پێکهاتەی دەنگییەوە، نەرمی و هەستیاری زیاتر دەربڕن. لێکۆڵینەوەی دێبۆرا تانن ( Deborah Tannen) لە کتێبی "تۆ تێناگەیت: ژن و پیاو لە گفتوگۆدا" (١٩٩٠) دەریخستووە کە ژنان لە نووسیندا زیاتر لە دەنگی نەرم و پەیوەندییخواز بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا پیاو زیاتر لە دەنگی فەرمان و ڕاستەوخۆ کەڵک وەردەگرن (Tannen, 1990, p. 42). لە توێژینەوەیەکی تردا، ڕۆبن لەیکۆف (Robin Lakoff) لە کتێبی "زمان و پێگەی ژن" (١٩٧٥) ئاماژە بەوە ئەکات کە ژنان لە زماندا زیاتر لە وشە و دەنگە نەرمەکان بەکاردەهێنن، وەک بەکارهێنانی "وا بڵێین" یان "پێموایە"، کە ئەمە خاڵێکی جیاکەرەوەیە لە نووسینی پیاو کە زیاتر ڕاستەوخۆن (Lakoff, 1975, pp. 53-56).

**۶/۲-۲) ئاستی ڕێزمانیی (Morpho-Syntactic Level)**

لە ئاستی ڕێزمان و پێکهاتەی ڕستەدا، جیاوازیی دیار هەیە. توێژەری کورد پەریشان عومەر لە توێژینەوەی "شیکردنەوەی پێکهاتەی ڕستە لە نووسینی ژن و پیادا" (٢٠١٩) ئەوە دەردەخات کە ژنان لە نووسیندا زیاتر لە ڕستە درێژ و ئاڵۆزەکان بەکاردەهێنن کە ڕەگی هۆکاری و دەرئەنجامیان تێدا دیارە، لە کاتێکدا پیاو زیاتر لە ڕستە کورت و ڕاستەوخۆکان کەڵک وەردەگرن (عومەر، ٢٠١٩، ل. ٨٨-٩٢).

سارا میلز (Sara Mills) لە کتێبی "فێمینیزم و شیکردنەوەی گوتار" (٢٠٠٣) باسی لەوە کردووە کە نووسینی ژنان زیاتر لە پێکهاتەکانی ڕێزماندا خۆی دەردەبڕێت بە بەکارهێنانی شێوازی "گفتوگۆیی" (interactive style)، لە کاتێکدا نووسینی پیاو زیاتر شێوازی "زانیاریی" (informative style) دەگرێتەبەر ( Mills, 2003, pp. 112-115).

**۶/۲-۲-۱) لە ئاستی وشەسازیدا**، ژنان زیاتر وشەی سۆزداریی و وەسفکەر و هەڵسەنگاندن بەکاردەهێنن. زۆرجار ڕستەی جەختکەرەوەی وەک "زۆر"، "بەڕاستی" و "بۆیە" و هەروەها سیفاتی وەسفکەری وردتر بەکاردەهێنن. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دەوڵەمەندی وەسفیی دەقەکە و لایەنە کارلێککارەکانی بەهێزتر دەکات. لە بەرامبەردا، پیاو مەیلیان هەیە وشەسازی بێلایەن، تەکنیکی و زانیاری-ناڕاستەکراو بەکاربهێنن، کە ئامانجی گەیاندنی پەیامێکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و کارا ( Lakoff, 1975, pp. 53-55).

**۶/۲-۲-۲) لە ئاستی ڕستەسازیدا**: جیاوازیی لە پێکهاتەی ڕستەدا بەدیدەکرێت . نووسینی ژنان زیاتر ڕستەی ئاڵۆزتر و پێکهاتەی ئاوێتە و بەکارهێنانی بڕگەی ڕوونکردنەوە و وابەستە لەخۆدەگرێت. ئەم تایبەتمەندیانە یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی یەکگرتوویی مانا و وردەکاری زیاتر پێشکەش دەکەن. لە بەرامبەردا پیاو مەیلیان هەیە ڕستەی کورت و سادە و ڕاستەوخۆ بەکاربهێنن، ئەمەش لەگەڵ ئامانجی ڕوونی و خێرایی لە گەیاندنی زانیاریدا یەکدەگرێتەوە (Holmes, 2013, pp. 301–305).

**۶/۲-۲-۳) لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە** جیاوازیی لە بەکارهێنانی زمانی ئەدەبیشدا جێگەی سەرنجە. ژنان زیاتر فۆرمی بەئەدەب و نیشانەکانی ڕێزگرتن و ستراتیژییەکانی ڕزگارکردنی دەموچاو بەکارئەهێنن. ئەمەش لەگەڵ ڕۆڵە کۆمەڵایەتیی مکانی پەیوەست بە پاراستنی پێوەندییەکان و دوورکەوتنەوە لە ململانێ یەکئەگرێتەوە. لە بەرامبەردا، پیاو کەمتر گرنگی بەم لایەنانە ئەدەن و زیاتر سەرنجیان لەسەر کارایی پێوەندییکردن ە ( Holmes, 2013, pp. 301–305).

لە ئاستی گوتارییدا: جیاوازییە کی گرنگ پەیوەندیی بە بەکارهێنانی ستراتیژی زمانی تایبەتەوە هەیە. ژنان زیاتر ستراتیژییەکانی وەک "پاراستن" بەکاردەهێنن، واتە دەستەواژەی وەک "ڕەنگە "، "پێموایە"، یان "پێدەچێت" بەکاردەهێنن بۆ کەمکردنەوەی نادڵنیایی و دروستکردنی کەشێکی کارلێککارانە. هەروەها ژنان زیاتر لە نووسینەکانیاندا ڕستەی لێپرسینەوە و پێکهاتەی ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێنن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئارەزووی بەشداریکردنی بینەر لە پرۆسەی ماناسازیدا. لە بەرامبەردا پیاو مەیلیان هەیە ڕستەی هەواڵی یەکلاکەرەوە و ڕێزمانی و ڕاستەوخۆ بەکاربهێنن، کە متمانە و دەسەڵات لە گەیاندنی پەیامەکەدا دەگەیەنن ( Lakoff, 1975, pp. 53–55).

لە ئاستی گوتار و پێکهاتەی گێڕانەوەدا، توێژینەوەکان جیاوازیی بنەڕەتی دەردەخەن. دێبۆرا تانن لە کتێبی "جیاوازیی لە گوتار" (١٩٩٤) باسی لەوە کردووە کە نووسینی ژنان زیاتر لەسەر بنەمای "پەیوەندیی" (connection) و "هاوبەشی" (community) دامەزراوە، لە کاتێکدا نووسینی پیاو زیاتر لەسەر بنەمای "پێگە" (status) و "سەربەخۆیی" (independence) ڕێکخراوە (Tannen, 1994, pp. 34-38).

هەروەها لە ڕێکخستنی دەقدا زۆرجار ژنان زیاتر گرنگی بە دابینکردنی کۆنتێکست و ڕوونکردنەوە و دروستکردنی پەیوەندیی مانادار لە نێوان بەشە جیاوازەکانی دەقەکەدا دەدەن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە پیاو مەیلیان هەیە پێکهاتەیەکی هێڵی و تەرکیزکراو و ئامانجدار پەیڕەو بکەن. ئەم جیاوازییانە دەتوانرێت بە ڕەنگدانەوەی ئامانجەکانی پەیوەندییکردن و شێوازەکانی کۆمەڵایەتییکردن هەژمار بکرێت. لە ئاستی پراگماتیکدا (کە باسی لە بەکارهێنانی زمان لە ڕەوش و بارودۆخی جیاوازدا دەکات)، جیاوازییە کان زۆر ڕوونن.

## ٣) شیکردنەوەێ "نووسینی ژن" لە شیعری کوردییدا

### ١/٣) دەرکەوتن و گەشەکردن

دەرکەوتنی نووسینی ئەدەبیی ژن ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێکی زۆر زووتری حەفتاکان و هەشتاکان، دیارە مەبەست لەم ئامادەبوونە ئامادەبوونێکە بە ئەندێشەی ژنانەوە، نەک ئامادەبوونێکی چەشنیی و گوتارێکی ژنانە، چونکە مێژووی سیاسیی کورد و تەمەنی ئەفراندنی کوردیی لە ئامادەبوونی ژن خاڵیی نییە. لە سەرەتای سەدەکەدا، هەر "یارییە" شیعرییەکانی مەستوورەی ئەردەڵانیی کە لە سەردەمی میرانی باباندا ژنە کوردێکی شەریعەتمەدارە شیعر دەڵێت، کە لەگەڵ پیاوە بوونەکەی "نالی" دا یەکانگییر ئەبێت، کە بۆ ئەو چەرخ و دەورە دیاردەیەکی نامۆ بووە، بەڵام باوێکی فراوانی ئەم رۆژگارەی دوای راپەڕین یان دوو هەزارەکانە.

ژن و ئەدەبیاتی ژنانە لە کوردستاندا، لەژێر کاریگەرییە ئایینیی و کۆمەڵایەتییەکاندا بووە، سەرباری رەنگدانەوەی تەرزی پیاوە و خەسڵەتە پیاوە و پیاوسالارییەکەی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی بەسەر ناوەرۆک و شێواز و فۆرمی دەقەکانی. مهاباد قەرداغیی یەکێکە لەو نموونانە کە زۆرترین ئەزموون و تەمەنی نووسینەوەی شیعریی خۆی هەیە. لە سەرەتای کارەکانی نووسین، ئەو بە شێوەیەکی تووندەوە و گەورە دەستی پێکردووە و بە شێوەی شاعیرانی پیاو نووسینی هەبووە، یان هەوڵدەدات بە شێوەی شاعیرانی پیاو شتەکانی ژیان و سیاسەت باس و وەسفبکات. لە کۆتاییدا، مەهاباد بە بڕیارەوە هەوڵدەدات، شیعری ژنان لە فۆرم و فەزای شێرکۆ دا بە شێوەیەکی روون و ژنانەوە پیشکەش بکات. فۆرمێک یان گوتارێکی ژنانەی جێگیر و بەرچاوی بەکار نەهێناوە، کە لە نێوان کەمیی هۆشیاریی و کەمبوونی ئیرادەدا ڕووبەڕووی دەنگ و کردارەکانی ژندەبێتەوە.

کەژاڵ ئەحمەد، لە سەرەتای حەفتاکانەوە لە مەیدانەکدایە، بوێر و چاوکراوە بوو، ڕووداو و بەسەرهاتێکی زۆری بە روونیی و بێباکانە و دەربڕی، کە لەڕووی هەموو بڕیار و هەڵەی ژنانەدا وەستایەوە. لە فشارە چاوەڕواننەکراوەکان رائەچڵەکێت هۆنراوەکانی کاریگەرێتییەکان وەردەگرن.

لە شیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەددا بە دەیان جار تووشی ئەو وشە و زاراوانە دەبین، کە تایبەتن بە بوون و جەستەی ژنانە و دەتوانین بڵێین لە بنەڕەتدا کە لە ڕوانینی گشتییدا وەک جەستەی ژنانە دەناسرێن. بۆ نموونە: لە باربردن، لەبارچوون، کچ، کچێنیی، مێیینەیی و هتد. واتا ژنان و جەستەی ژنان دەبێ بە پڕۆسێکی دیاریکراودا تێپەڕن تاوەکوو ئەم ناونان و پێناسەکردنانەش بێنە دی.
بۆ نموونە لە شیعری "لە مریەم بەڕەحمتر":

**نانی پێکەنینی گەرم کەڕوو لێیدا**
**وەک دووگیانیش بووم ئەی شاعیر**
**نە کۆرپەی شیعرم لە بارچوو**
**نە خۆم لە باری شیعر چووم.**

**یا لە (بەندەری بەرموودا) دا ئەڵێ:**
**کە مەسیحم خولقاندبێ**
**دەربەست نایەم ئەگەر چەقۆم لێ بکێشن و**
**گومان لە کچێنیم بکەن!**
**لە ژووری سکی خاکمەوە لە بار دەبرێم!**

**لە ساتی سەرجووقانمەوە....**
**تەنیایی مێیینە...**
**بۆ زمانی بەستەزمانی کوردیی هەرگیز**
**ناگیرێ و باس ناکرێ...**
**مێردمیت و**
**بە مانەوەم وەکوو کچ گومانم خولقاندووە لە پیاوەتیت**
**ئەمەیان بەهێزی منە و بێهێزی تۆ...**

بەڵام لە دوای راپەڕین لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەکانی ژندا، رواڵەت و ناوەرۆکی شیعرەکان گۆڕانکاریی یان دەستکارییان پێوە دەرکەوت. "ڤینۆس فایەق" دەنگێکی ژنانە بوو کە دنیای چاوەڕوانکراوی خۆی یا "تابلۆیەک لە چاوەڕوانی" یەکانی درووستدەکات، کە چاوەڕوانیی جەستەیی دەخاتە سەر چاوەڕوانیی خونی تەمەن و چارەنووس:

**"مۆمەکە رۆشن کەو**
**جگەرەیەکی پێ داگیرسێنە**
**لە چاوەڕوانیدا مەبەستێکی پێ بسووتێنە**
**سەیرکە ئەو چاوەڕوانییە**
**کە جەستەم دەمرێ"**
**"رۆژێکی دی لە تەمەنم دەسووتێ**
**لە چاوەڕوانیکردنێکی گێلانەدا".**

یان پرسیارێکی هەتاهاتایی بێ وەڵامی دێتە سەرزمان، کە هەمیشە لە زمانی ژنانەوە لە کۆمەڵگەدا داکەوتووە، کە ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر قەدەری ژنبوونیان هەیە، دەڵێ:
**"ئەگەر زەوی نێر بوو**
**بۆچی یەزدان مێینەی بەسەریدا ئافراند؟"**

**"دڵسۆز حەمە" ش دەنگێکی ژنانەیە و خۆی دەخاتە رێزەی سرووشت، بە جوانیی، فراوانیی و بە ئاڵوگۆڕیی و بێئوقرەییەکەیەوە:**
**"بەدرێژیی مانگ و ساڵان**
**ئەوە سروشتە کە لاساییم دەکاتەوە**
**تەنانەت لە تەنیابوونیدا."**

بەڵام ئەوەی مایەی بایەخی ئەم توێژینەوەیە، لە نێوەندی ئەدەبی کوردییدا، چەند ژنی شاعیر هەیە کە ئەزموونی شیعرییان زۆر پەیوەست بە دوای ڕاپەڕینەوە و ساڵانی دووهەزارەکانە، توانیبێتیان دەنگێکی نوێی شیعریی درووستدەکەن، کە ئەوە تێپەڕبکەن لە نووسینی شیعردا کە هەمان دنیابینیی و تێڕوانینی شیعریی پیاو نەبێت.

هەندێ نموونە لە ژنە شاعیرەکانی پاش ڕاپەڕین، بە تایبەتی لە ساڵانی دووهەزارەکان، ناسنامە و شوناسی ژنانەی خۆیان بە شێوەی ئازاد و هەستیار نیشان دەدەن. شاعیران لە هەنگاوی یەکەم شەڕی ئازادی دەست پێدەکەن و دواتر هەوڵدەدەن بۆ بەرجەستەکردنی شوناس و ناسنامەکەیان. ژنان دەتوانن خۆشیی، ئازادیی، شانازیی و خۆشەویستی ژنبوونی خۆیان ببینن، پێوەندیی عاشقانەی خۆیان رووناک نیشانبدەن و، بێ ئەوەی ترس و ستەمی کۆمەڵایەتیی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12561]
- **Submission Date:** [30/4/2026], **Revised Date:** [10/5/2026], **Accepted Date:** [26/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

گیرۆدەیان بکات. لە کۆی گشتی، ژن لە شیعرەکانیاندا تەنها پارچەیەکی ڕۆمانسییانە یان ئایدیالێزەکراوی پیاو نییە، بەڵکو شوناسی ژنانی ڕاستەقینە، ئازاد و خاوەن کەسایەتیی ئەبینرێت.
(ژاوێن شالی) دەڵێ:

**باوەش بە میهرەبانی جادەی چۆڵو**
**چرپای پڕنازی کچانە ئەکەم....**

**(هیرۆکوردە) دەڵێ:**
**هەر بەڕووتی لە تۆڕا دێمە ژورەوە..**
**خۆم ڕووتدەکەمەوە...**

**(چنار نامق)ئەڵێ:**
**گەر ئەمجارە پێیەکانم..لەسەهۆڵبەندانی عشقت خزا..**
**دەستی حەزم مەگرە...با گلۆر ببمەوە**

**(حەیات مجید پورخی) ئەڵێ:**
**ئەو دەمانەی لە ناخما فوارەی بە ستوە..خۆشەویستی تۆ..**
**ئەو دەمانەی تۆیەك دەدۆزمەوە...**

ئەم جۆرە ئاخاوتنە، کە گوتارێکی دزێو دەگەیەنن، کورتکردنەوەیەکی ئازادیی و مافی ژنانە و خەسڵەتە ژنانەکانە، کە "بەیان سەلمان" بە نیگەرانییەوە لەم جۆرە گوتارە دەڕوانێت کە ئەمە بەجۆرێک لە بیرچوونەوەی هزریی ژن دەدات لە قەڵەم، کە ئازادیی لەیەک چاوەوە دەبینێت.
دەکرێ بڵێین ژن لە شیعری ئێمەدا تەنها دیاردەیەکی پیاوانەییە و گوتارە شیعرییەکەش پیاوانەییە، ژن وەک مرۆڤی سەربەخۆ نابینرێت نەخۆی شیعرییەتی سەربەخۆی هەیە، واتە؛ ژن زۆرجار تەنها وەک دیاردەی شیعریی دەردەکەوێت، نەک وەک شاعیر یان خودی شیعر. ئەم وێنەی ئایدیاڵییە زۆرجار تەنها خواست و ئارەزووی پیاو نیشاندەدات و هیچ چارەسەرێکی کێشەکانی ژن لە ژیانی ڕاستەقینە دەدات. لە شیعری کلاسیکدا ژن وەک مرۆڤێکی سەربەخۆ و واقیعی دیاردەبوو، بەڵام لە شیعری مۆدێرن سکسیواڵێتە و پۆرنۆگرافییەتی ژن زۆرتر دیاردەیە و ژن تەنها وەک شتێکی تەماشاکراو پیشاندەدرێت لە شیعری نوێ یان هاوچەرخدا ژن پارچەپارچەدەکرێت،سێکسواڵێتەکەی زەقدەکرێتەوە، وەک نمایشی زمانی بۆ تەماشاکردن. هەرچەندە شیعر پڕە لە وەسفی ژن، بەڵام ژن لە واقیعدا پڕە لە کێشە و ئازار، لە شیعردا دەکرێتە بوونەوەرێکی فریشتەیی. ئەم شیعرە پڕە لە درۆی ڕۆمانسی و ئایدیۆلۆژیایی جوانکردن و بەرزکردنی ژن وەک بوونەوەرێکی سەروو مرۆیی.
بۆیە پێویستە ژن لەناو شیعرەکەدا "لەداییک ببێت" بۆ ئەوەی شیعری ژنانەی ڕاستەقینە درووست بکرێت؛ بەبێ ئەمە، نە تەنها شیعری ئێمە تەواو نابێت، بەڵکو شوناسی ئێمەش نادیار دەبێت(٣٠).
ژن زۆر باش دەتوانیت لە خۆی بدوێ و بێ ستەمکاریی، هەر خۆی چاکتر دەبێت بۆ باسکردنی ئازار، زەحمەت و کێشەکانی کە لەناو کۆمەڵگەی تێدا دەژیی. بەڵام پیاو بە هەمان شێوە ناتوانێت هەتا بەشداریی لەو ئازارانە بکات یان بە قووڵیی هەستی ژنێک شیکاتەوە. باشترین نموونەی ئەمە لە ئەدەبیاتی جیهانیی، نووسەری فەرەنسایی "مەدام بۆڤاریی"ی فلۆبێرە.

بێگومان ژن دەتوانێت بە هەستی قووڵەوە و بۆ ناو پیاوێک شۆڕببێتەوە، بەڵام ئەو توانایە تایبەتییە وەک پەیوەندییی هزریی و نووسینی نووسەرانی جیهانییشە. جیاوازییی نێوان پیاو و ژن لە ئەدەبیاتەکان هەیە و هەر کاتێک نووسەرێک دەخوێنرێتەوە، بەر هەمەکەی دەبێت رەنگدانەوەی خۆی بێت، نەک ئەو زۆرەملێیەی کە رەوتە فێمنیستییەکان پەیتا پەیتا دەیکەنە سەر ئازادیی ژن و لە جەستەدا چڕی دەکەنەوە. بۆیە، ئەمە ژنە شاعیرە رووکەشاکارەکانی فریوداوە کە ئەوەندەی جەخت بکەنە سەر جەستەی ئازاد، هزری ئازادیان لەبیر نەماوە، وەک لەو کۆپلە شێعرییانەی سەرەوەدا ئاشکرا دیارن (ژاوێن شالی، هێرۆ کوردە، چنار نامق، حەیات پورخی).
هەرچەند، بەڵام زۆرجاریش دەستدانە ئەو هزرە ئازادییە ش لەو ئاستە بەرزەدا نییە و دەستکارییەکی نادرووستانەی پێوە دیارە..
کێشەی ژن لە ئێستادا ئەوەیە کە هەتا ئەم کاتە، نەیتوانیوە خودی خۆی بە تەواویی بێت. لە هەر بوارێکدا کە هاتووە، هزر و ئیرادە و خواستی ژن زۆرجار لەگەڵ کۆمەڵ و خێزان مامەڵە دەکات، نەوەک خۆی. هەموو شتێک بڕیار ئەکرێت بە فاکتەرە دەرەکییەکان. کاتێک بە کارێکی دیاریکراو یان بوارێکی نوێ دەردەکەوێت، هەرچییەک بێت، ژن ناتوانێ متمانەی تەواوی لەسەر خۆی بێت یان بڕیاربدات، یان هەڵوێستەکانی دیارییکات.
کاتێک ژن دەتوانێت ئازادیی و هەستەکانی خۆی دەربڕێت، کە بزانێ چۆن بڕیارەکانی بدات و ژیانی خۆی جڵەو بکات، ئەویش بە بێ گەڕانەوە بۆ پاڵپشتیی پیاو یان پیاوی کۆمەڵ، ئەو کاتە مامەڵەکردن و بڕیاوەرگرتنی ژن وەک هەست و ئازادیی و هزر لە کەسێتیی ئەدەبییدا بەرجەستە دەبێت(٣١).

**٢/٣) بەجێهێنانی ڕەگەزیی لە نووسینی ژن دا بەپێی ئاستەکانی زمان**

لە ئەدەبی کوردیدا، شەهلا دەباغی لە شیکردنەوەی شیعری ژنانی کورددا دەریخستووە کە شاعیرانی ژن وەک کەژاڵ ئەحمەد و سارا فەقێ خدر، لە ئاستی دەنگیدا زیاتر لە وشە و پێکهاتە دەنگییە نەرم و هەستیارەکان بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا شیعری پیاو زیاتر ڕەق و فەرمانبەخشە (دەباغی، ٢٠٠١، ل. ٦٧-٦٩)
لە ئاستی ڕێزمانییدانووسینی کوردیدا بەروونی دەردەکەوێت؛ نووسەرانی ژن وەک شیرزاد حەسەن و بەختیارعەلی، هەرچەندە هەردووکیان بەهرەمەندن، بەڵام لە پێکهاتەی ڕستە و بەکارهێنانی کاتدا جیاوازییان هەیە (عومەر، ٢٠١٩، ل. ٩٥).
لە ئاستی وشە و ناوەڕۆکدا، جیاوازییە کان زۆر دیارترن. بەیان ئیبراهیم ڕەحیم لە وتاری "ژن و شیعر"دا (٢٠٢١) ئاماژە بەوە دەکات کە شاعیرانی ژن لە کوردستاندا زیاتر لە وشە پەیوەندییدار بە ژیانی ڕۆژانە، خەون، ئازار، خۆشەویستی و پێوەندییە مرۆییەکان بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا شاعیرانی پیاو زیاتر لە وشە پەیوەندییدار بە دەسەڵات، شەڕ، مێژوو و ڕامیاری کەڵک وەردەگرن (ڕەحیم، ٢٠٢١، وتار، بەشی ٣).
لە توێژینەوەیەکی تایبەت بە ئەدەبی کوردی، شەهلا دەباغی بە شیکردنەوەی شیعری سێ شاعیری کورد (کەژاڵ، ژیلا و سارا) دەریخستووە کە ئەم شاعیرانە لە ئاستی وشەدا، "فەرهەنگی فێمینیستی"ی تایبەتی خۆیان درووستکردووە کە لە وشەکانی وەک "لەبەرچاو نەکراو"، "پەراوێزخراو"، "خەمڵین" و "بێدەنگ" پێکهاتووە (دەباغی، ٢٠٠١، ل. ١٠٥-١٠٨).

له ئەدەبی کوردیدا، بەیان سەلمان لە گفتوگۆیەکیدا ئاماژە بەوە دەکات کە "نووسینی ژنان لە ڕەوانبێژیدا زیاتر بەرەو ناوەوەی خۆیان و ژیانی ڕۆژانە دەڕوات، لە کاتێکدا نووسینی پیاو زیاتر بەرەو دەرەوە و ڕووداوە گەورەکان دەڕوات" (سەلمان، ٢٠٢٢، ل. ٦). بەیان ئیبراهیم ڕەحیمیش (٢٠٢١) ئاماژە بەوە دەکات کە شاعیرانی ژن لە کوردستاندا لە پێکهاتەی گوتاردا، زیاتر لە دەنگی "من"ی کەسایەتی بەکاردەهێنن کە خۆی و ئازارەکانی خۆی دەربڕێت، لە کاتێکدا شاعیرانی پیاو زیاتر لە دەنگی "ئێمە"ی کۆمەڵایەتیی کەڵک وەردەگرن کە نوێنەرایەتی گەل یان نەتەوە دەکات (ڕەحیم، ٢٠٢١، وتار، بەشی ٤).

پەریشان عومەر لە توێژینەوەکەیدا دەریخستووە کە لە نووسینی ژناندا، کرداری زمانەوانی وەک "پاڕانەوە"، "داواکردن" و "پێشنیارکردن" زیاتر ڕوودەدەن، لە کاتێکدا لە نووسینی پیاودا، کرداری زمانەوانی وەک "فەرمانکردن"، "ڕێنماییکردن" و "بڕیاردان" باوترن (عومەر، ٢٠١٩، ل. ١١٢-١١٥).

لە نووسینی کوردییدا زمانی جێندەرکاریی بەروونی دەردەکەوێت؛ نووسەرانی ژن وەک مەرجان حەمەدەمین و خەدیجە موحسین، لە گێڕانەوەکانیاندا زیاتر لە ستراتیژییەکانی "هاوکاری" و "پێکەوەبوون" بەکارئەهێنن (عومەر، ٢٠١٩، ل. ١٢٠)، کە ئەچنە دوو توێی ستراتیژییەکانی سارا میلزەوە "ڕێزگرتن" و "نەهێشتنی دەسەڵات" (زمان و جێندەریی فیمینیستی (٢٠١٢)

بەڵام پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە ئەم جیاوازییانە یەکلاکەرەوە و گشتگیر نین. چەندین فاکتەری وەک ئاستی پەروەردە، جۆری دەق (زانستی، ئەدەبی، فۆرماڵی)، پاشخانی کولتووریی و تەنانەت شێوازی تاکەکەسیی نووسەر دەتوانێت ئەم نەخشانە بگۆڕێت. لە زۆرێک لە دەقە زانستی و فۆرماڵییەکاندا جیاوازیی شێوازی نێوان ژن و پیاو کەم دەبێت بە وە و جۆرێک لە یەکگرتنی زمانی بەدی دەکرێت .

بەشێوەیەکی گشتی، تایبەتمەندییە زمانی و شێوازییەکان، وەک یەکێک لە گرنگترین نیشاندەرەکانی شیکردنەوەی جیاوازییە ڕەگەز ییەکان لە نووسیندا، نیشان دەدەن کە چۆن پێکهاتە کۆمەڵایەتیی و کولتووریی یەکان لە ئاستی مایکرۆی زماندا ڕەنگ دەدەنەوە.

### ٣-٣: نەخشاندنی مۆدێلێک بۆ "ڕەخنەی نووسینی ژن" لە نووسینی کوردییدا

تایبەتمەندییەکانی شێوازی نووسین هەردوو ڕەگەزی پیاو و ژن دەگرێتەوە، لە لایەن زانا و ڕەخنەگرە ئەدەبییەکانەوە هێڵی جوداکەرەوەی بەرچاویان کێشاوە، کە وا بکات ئاسانانە بناسرێتەوە خۆی بنوێنێت. ئەوەی ڕەخنەگران (وەک هێلین سیسکۆ) بە شێوەیەکی گشتیی هەندێک خەسڵەتیان دیاریکردووە کە لەخۆیدا قاڵبی نوێ دەدات بە تەرزێک نووسین کە "نووسینی ژن"ە:

-زمانی سادەتر

-ناهێڵییە و چەماوەییە کە دەرنگتر مانا و مەبەستەکانی دەدات بەدەستەوە، بەو مانایەی جوانکاریی زمان و وردەکاریی وەسفکردن دەگرێتەبەر.

-جەستەیی و هەستەوەریی

ڕەخنەگران دوو مانایان وروژاندووە، کە تیادا لەڕێی جیاکردنەوەیەکی زانستییانەوە ئەم تەرزە نووسینە بەرجەستەتر بکەن:

ئەو دوو مانایەش "ژن وەک بابەت -object-" و "ژن وەک "دەنگ - مرۆڤ -Subject"

"ژن وەک بابەت -object-": ئەو بینینەی ژنە وەک بابەت؛ زیاتر لە لایەن "پیاو" وەک لە"ژن، واتە:

-پیاو لە دید و ڕوانینێکی پیاوەوە کە تایبەتە بە تێڕوانینێکی پیاوەی کەلتوورییانە و تایبەتمەندیی داب و نەریت زاڵە لەو تەرزە نووسینەدا.

-دەقەکە وەک بینراو یان خوێنراوێک بەکاردێت بە ئامادەکراویی، نەک وەک کەسێک بیربکاتەوە

-بە تەواویی پەیوەستە بە پیاوەوە، بە دەربڕین لەبارەی ئافرەتەوە لەبارەی خۆشەویستیی و جوانیی و خرۆشان و ئالوودەیی و قوربانییدان و هتد..

ئەم تەرزە پیاوەیە، تەنها لە جەستە و شێوەدا قووڵ گیردەخوات، کەمتر قووڵ دەبێتەوە بۆ ناو ناخی ئافرەت و کەمیش دەتوانێ ناخەکانی بپشکنێت و هەست و نەستە ژنانەکان پەیدابکات، بۆیە ڕۆڵی لە ناساندنی ژن و هەست و نەست و پەرۆشییەکانیدا بەرتەسک و کورت و کوێرن، تەنها ئەوەیە کە بە دەمی ئەوانەوە وتراون یان خۆیان جارجارە درکاندوویانە کە کەمێکی زۆر کەمە و تەنها بۆ ڕستنی خولیاکانی ژنە و هیچی تر. بە مانایەکی تر، مەرج نییە کە هەموو دەقێکی ئەدەبیی توانیبێتی کە "ژن" وەک بابەت یان "دەنگێک" بگەیەنێت.

ئەمیش هۆکارە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ژن وەک "یار، خۆشەویست، دۆست، هتد.." یان "دایک" وێنا دەکرێت

مانای دووەم: ژن وەک دەنگ (Subject) بتوانێت بگات، کپێت، دەنگ بەرز بێت، فەرمان بدات، پەسەند بکات، نەء بڵێت، بێ ئەو لاسەنگیی ڕووبدات، هتد..

لێرەدا ژن دەبێت بە:

-خودێکی چالاک و بزێو و لە چوارچێوە داریینەکەی شێوە دێتە دەرەوە کە پیاو پەیتا پەیتا کێشاویەتی، تاکێکە بەردەوام هەست و نەست و، ویست و، خۆزگە و، بۆچوون و، بڕیار و، حەز و بێز و، ڕق و خۆشەیستیی و ململانێ و لەڕووداوەستانەوە و دژبەیەکەکانی ڕاستگۆیانە و بە بوێرانەن. خەسڵەتی ئەم ئەم دەربڕیینانە قووڵن و لە توێکانی ئاوەزایەکی ناوەکییدان، پرسیارگەلێکن و وەڵامگەلێکن بۆ شوناس و ئازادیی و کەسێتییەکانی، جیاییبوونی کەسێتییەتی لەگەڵ پیاوەدا لە هەر پێگە و قۆناغێکی ژیانی کۆمەڵایەتیی و کۆمەڵگەییدا، ئەگەرچیی کەسێتییەکی ئاڵۆزی بەرچاو و دانپیانراوە، بەڵام نموونەیی (میسالیی) نین و مامەڵەکردنی لەبارادایە.

یەکێکی وەک سیمۆن دی بۆڤوار وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژن ی لە مێژوودا وێناکرد کە بە هەژموونەوە ببێت بە "ئەوێکی تر" وەک خۆی لە خودی خۆیدا نەک لە خەیاڵ و زمانی پیاوەوە ئامادەبوونەکانی دەربکەون، ئەو وتی: "ژن ژنی نابێت، بەڵکو ئەبێت بە ژن"، واتە کۆمەڵگە وێنەی ژن درووست ئەکات نەک هەر سرووشتەکەی.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12561]
- **Submission Date:** [30/4/2026], **Revised Date:** [10/5/2026], **Accepted Date:** [26/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

له دیدێکی ترەوە، ڤێرجینا وۆڵف بانگی ئەوە ئەکات کە ژن خاوەنی دەنگی کارا و شکۆداریی خۆی بێت، خاوەنی پانتایی تایبەتی نووسین بە خۆی بێت.

بەراورد و جیاوازییەکان لێرەدا تەنها "پیاو بەرامبەر ژن" نییە، کە هۆکارگەلێکی رەگەزی پوخت دروستی کرد بن، بەڵکو ئامادەبوونێکی خودە چ پیاو و چ ژن لە دەربڕینی ژن دا لەسەر بنەمای چەند توخمێکی دینامیکانە:

١.بینین: بینینی ژن لە دەرەوەدا وەک جەستە / لە ناوەوە کە خود زاڵە

٢.رۆڵی ژن: ئامادەیی کۆمەڵگە و پاشکەوتەیی پیاو/ تەوژمی ئاوەزا (هۆشیار و کارابوون و بوون بە دەنگ

٣.قووڵایی بونیاد: رووکەشێک بۆ درووستکردنی بابەت/ خودێک لە جۆشسەندنی هەست و نەستەکان و هۆشەوە

٤. ئامانج: خەیاڵی رۆمانسیی / دەربڕیینی هەست و نەست

بەو روونکردنەوانەی لەم توێژیینەوەیەدا خرانەڕوو لە دیاریکردنی خەسڵەت و سیماکانی نووسینی ژن، پێویسیت بووە کە مۆدێلێک دیزاین بکرێت بۆ بونیاد (ستراکتۆر) ی گوتاری "نووسینی ژن" و ساغکردنەوەی هەر دەقێکی کۆن و نوێ بۆ جێبوونەوە یان هەڵگری ناوی ئەو گوتارە. توخمەکانی سەرەوە دەبن بە کەرەستەی سەرەکیی مۆدیلەکە کە بنەمایەکی زانستیی دابڕێژێن بۆ "رەخنەی نووسینی ژن"، هەتا شیکارکردنی دەقە شیعرییەکانی ژن بە پێودانێکی ئەدەبیی ساغبکرێنەوە و هەڵاوێرد بکرێن.

ئەگەر نموونە لە ئەدەبیاتی کوردییدا، تەوزیفکردنی خەسڵەتە دیار و نادیارەکانی ژن لەسەر ئەم دوو مانایە بخەینە بەراوردکارییەکەوە، لەسەر پەیودانی چوار توخمەوە بە لایەنی کەمەوە، کە بریتیی بن لە بینیین (تێڕوانین) کۆمەڵایەتیی و، رۆڵی تاک و خود و، قووڵایی دەربڕیین و هێمادارییە رەگەزییەکان و ئامانج لە بەرهەمهێنانی ئەدەبدا. ئەوا، هەندێ نموونە بە دیاریکراوی وەک نالی، مەستوورەی ئەردەلانیی، گۆران، شیرین ک.، مهاباد قەرەداغیی ئەکەونە ناو کایەی تەوزیفێکی بابەتییانەوە بە پێی ئەو توخمانە و کەم تا زۆریشیان تیاکردوە (کە ئەمە خۆی لێکۆڵیینەوەیەکی وردی ئەوێت). بەڵام تەوزیفی خەسڵەتەکان بە پێی ئەو توخمانە وەک دەنگ (مرۆڤ) بە جوانیی و بە مکوڕیی و خەستییەوە لای کەژاڵ ئەحمەد و کەژاڵ خدر و سارا فەقێ خدر، ژیلا، ڤینۆس فایەق، دڵسۆز حەمە، چۆمان هەردیی، بەیان سەلمان، رێواس ئەحمەد هتد.. ئامادەیی خۆیان هەیە، کە دەکرێت بوترێت لەیەکەم دەرکەوتنیانەوە ئەم دەنگەیان کارایەیە و گوێگرتن و خوێندنەوەیان خواستراو بووە. رەنگە شێرکۆ بێکەس و قوبادی جەلییزادە بکەونە ناو ئەو دوو کایەیەوە کاتێک خۆیان لە فەزایەکی لەبیرچوونەوەدا دەبیننەوە و مەستبوون بە ژن ئەبێت بە تێکئاڵانێک؛ بەو واتایەی خوێنەری ژن لە خوێندنەوەیدا دەنگی بەرزئەبێتەوە و دەربڕین و ریتمەکانی شیعرەکە ئەبن بە هەناسە و خرۆشە خودییەکانی ژنێتیی خۆی.

بەم پێیە، ئەم خشتەیەی خوارەوە، توخمەکان و شیکاریان لەسەر بنەمای ژن وەک بابەت و، ژن وەک دەنگ نیشاندەدات.

تەوزیفکردنی خەسڵەتە دیار و نادیارەکانی ژن

| توخم | ژن وەک بابەت | ژن وەک دەنگ |
|---|---|---|
| بینیین | لە دەرەوە دەبینرێت | لە ناوەوە دەبینرێت |
| رۆڵ | پاشکەوتەیە | کارایە |
| قووڵایی | زیاتر رووکەشە جەستە و شێوە | دەروونیی و فەلسەفییانەیە |
| ئامانج | بۆ دەربڕینی هەستێکە لە خەیاڵدا | دەربڕیینی خود |

**ئەنجام**

١- لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی نووسینی ژن بریتییەتیشک خستنەسەرئەزموونی ژیانی ژن،ئاشکراکردنی شێوەکانی جیاکاری و دووبارە خوێندنەوەی تێکستە نەریتیەکان لە گۆشەنیگای رەخنەگرانەوە>

٢. کاریگەریی زۆر هەیە لەسەر سەرهەڵدانی گوتاری نووسینی ژن لەوانە:

- جیاکاریی کۆمەڵایەتیی دژی ژنان .
- بزووتنەوەکانی ژن.
- پەرەپێدانی پەروەردەیی
- گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیی و سیاسیەکان.
- کاریگەریی ئەدەبی جیهانیی

٣. بۆ هۆکارەکانی لاوازیی نووسینی ژن، چەندین خاڵ هەیە، کە مایەی سەرنجن:

-زاڵبوونی ئایدیۆلۆژیی .
-رەتکردنەوەی کۆمەڵگاە.
-نەبوونی پشتگیریی و بڵاوکردنەوە

٤. دەرکەوت کە بنەماکانی ئەدەبی ژن لەسەر بنەماگەلێکە بەدەستهێنانی یەکسانیی جێندەر، داکۆکییکردن لە ئازادیی لە کۆتوبەندی کۆمەڵایەتیی نادادپەروەرانە و، هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتە رۆشنبیرییەکان کە جیاکاریی ئەهێڵنەوە. بەڵام ئەم رەچاوکردنە تەنها وەسفی واقیع ناکات، بەڵکو هەوڵی گۆڕینی ئەدات بە بەهێزکردنی ژن و پێدانی فەزایەک لەبار بۆ دەربڕینی خۆیان. هەروەها گرنگیی بە بیرۆکەی یەکتربریی ئەدات، واتە یەکتربرینی کێشەکانی جێندەر لەگەڵ فاکتەرەکانیی تری وەک چین، رەگەز و کەلتوور.

**سەرچاوەکان:**

**بەزمانی کوردی**

1- دەباغی، شەهلا. (٢٠٠١). ژنانی شاعیر و دیسکۆرسی فێمێنیستی: شیعری کەژاڵ ئەحمەد و سارا فەقێ خدر و ژیلا وەک نموونە. (توێژینەوەی ماستەر). زانکۆی سۆدێرتۆرن، ستۆکهۆڵم.

2- رەحیم، بەیان ئیبراهیم. (٢٠٢١). ژن و شیعر. https://wtarikurd.info/.

2- Crystal, D. (2006). *How Language Works*. London: Penguin

3- Eagly, A. H., & Carli, L. L. (2007). *Through the Labyrinth: The Truth About How Women Become Leaders*. Harvard Business School Press.

4- Fairclough, N. (1989). *Language and Power*. London: Longman

5- Hofstede, G. (2001). *Culture's Consequences: Comparing Values, Behaviors, Institutions and Organizations Across Nations*. Sage Publications.

6- Hyland, K. (2019). *Second Language Writing*. Cambridge University Press.

7- Janet Holmes (2013). *An Introduction to Sociolinguistics* (4th ed.). London: Routledge

8- Lakoff, R. (1975). *Language and woman's place*. New York: Harper & Row

9- Leech, G., & Short, M. (2007). *Style in Fiction: A Linguistic Introduction to English Fictional Prose*. Pearson

10- Mills, S. (2003). *Gender and politeness*. Cambridge: Cambridge University Press

11- Tannen, D. (1990). *You Just Don't Understand: Women and Men in Conversation*.

12- Cameron, D. (2007). *The Myth of Mars and Venus: Do Men and Women Really Speak Different Languages?* Oxford University Press.

13- Mohammed Abdalgane, " Gendered Language: A Study of Sociolinguistic Theories and Approaches", Asian ESP Journal | Volume 17 Issue 3.1, Pp. 204-215.

3- سەلمان، بەیان. (٢٠٢٢). پیاو پانتایی نوسین بە هی خۆی دەزانێت و ژن بە داگیرکار (گفتوگۆی بەهرە حەمەڕەش). https://www.nuche.net/post-592.html

**4**- عثمان، دیدار. (٢٠١٦). ژن لە ڕوانگەی دینی زەردەشـتییەوە. https://historyofkurdistan.com

5- عومەر، پەریشان. (٢٠١٩). شیکردنەوەی پێکهاتەی ڕستە لە نوسینی ژن و پیاودا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٥٨، ل. ٨٥-١٢٥.

6- مانیی، ساماڵ. (٢٠٢٣). سمێڵ با بڕ لە نوسینی یەکەم وتار و مانیفێستی ژن. میترۆ. https://www.metroo.org/drejaWtar.aspx?NusarID=484&Jmare=1058

7- ڕێبوار سیوەیلی، ژیان | کولتوور | ژن شیعرە یان شیعر کراوەتە https://zhyan.co/news.aspx?id=8070&mapid=15

8- ژنبوون وەك شانازی لە شیعری ژناندا https://dengekan.ca/archives/25999

9- لێکدانەوەی کاریگەریی ڕەگەز لەسەر شیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەد https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20230417020531483031&lng=3

10- پەخشان عەلی ئەحمەد و تاهیر محمد عەلی، "فەزای بینین لە ڕۆمانی "ژن"ی ڕێواس ئەحمەد دا"، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان، ڤ ٤ ژمارە ٢ ساڵی ٢٠٢١، لا: ٥٣-٦١.

11- هەندرێن، "ئامادەبوون و دڵەڕاوکێی شیعری ژنان لە جەستەی زمانی کوردیدا"،

بە زمانی ئینگلیزی

1- Coates, J. (2004). *Women, men and language* (3rd ed.). Harlow, UK: Pearson Longman.



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12561]
- **Submission Date:** [30/4/2026], **Revised Date:** [10/5/2026], **Accepted Date:** [26/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

14- Davis, Jo Culbertson, “Women in Literature”, EBSCO, 2003

**بەزمانی فارسی**

1- مهدی نیکمنش نمنا برجیخانی،1392، تجلی نوشتار زنانه در کتاب دا، دوفصلنامه علمی - پژوهشی زبان پژوهی دانشگاه الزهرا سال چهارم، شماره ،8بهار و تابستان .

2- قدسیه رضوانیان، سروناز ملک:1392، بررسی تأثیر جنسیت بر زبان زنان شاعر معاصر، مجلهی شعرپژوهی (بوستان ادب) دانشگاه شیراز سال پنجم، شمارهي سوم، پاییز ،1392

3- دوبووار، سیمون. (1399 ) جنس دوم، مترجم: قاسم، صنعوی، جلد اوّل، تهنان، توس.

4- ترادگیل، پیتر. (1387) زبانشناسی اجتماعی درآمدی بر زبان و جامعه، مترجم: محمّد، طباطباری، تهران، آگه

5- پاینده، حسین. (1383 ) مدرنیسم و پست مدرنیسم در رمان، چاپ اوّل، تهنان، روزنگار

6- حسینی، مریم. (1384 ) روایت زنانه در داستان نویسی زنانه»، کتاب ماه و ادبیات و فلسفه، دانشکدة ادبیات وعلوم انسانی دانشگاه تهران، شماره.101

7- مدرّسی، یحیی. ( 1387) درآمدی بر جامعهشناسی زبان، تهران، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی

8- نرسیسیانس، امیلیا. (1389 ) زبان جنسیّتی و مواردی از انعکاس کمّی و کیفی آن در بنخی از فیلمنامه ها، زن درفرهنگ و هنر پژوهش زنان، دوره ،2شماره.28-31

9- قاسمزاده، سیدعلی؛ اکبری، فاطمه. (1394 ) مولفه های نوشتار زنانه در رمان سرخی تو از من، زبان و ادبیات فارسی، شماره.8

**الملخّص**

يهدف هذا البحث إلى التعريف بخطاب" الكتابة النسوية "وتتبع تطوره، من خلال الإجابة عن جملة من الأسئلة المرتبطة بمرتكزاته الأساسية، ومحاور العلاقة بين المرأة واللغة والمجتمع والعادات والتقاليد والدين، وذلك بغية بلورة خطاب نسوي متكامل ضمن إطار "الكتابة النسوية "بخصائصه وسماته المميزة. كما يسعى البحث إلى الكشف عن الجذور العميقة في التاريخ الاجتماعي التي أسهمت في ترسيخ أدبية النظام الأبوي، فضلًا عن تحديد العوامل التي أدت إلى ضعف وهشاشة خطاب الكتابة النسوية.

ويتناول البحث نماذج من الكاتبات التقليديات في مرحلة ما قبل الانتفاضة، إلى جانب كاتبات الحداثة في مرحلة ما بعد الانتفاضة، حيث تُعدّ هذه المرحلة الأخيرة بمثابة اللبنات الأولى لتأسيس هذا الخطاب .ونظرًا لغياب أو ضعف النقد المتخصص في هذا المجال، واجه البحث إشكالية علمية تمثلت في صعوبة التمييز بين الأعمال التي تمثل خطاب الكتابة النسوية .ومن هنا، يقترح الباحث نموذجًا نقديًا قائمًا على أربعة عناصر أساسية :الرؤية الفكرية، والمنظور الاجتماعي، ودور الذات والفرد، وعمق التعبير والرمزية الجندرية، فضلًا عن تحديد الهدف من الإنتاج الأدبي .ويُعدّ هذا النموذج إطارًا علميًا ونقديًا لتحليل هذا الخطاب وتقييمه، وتوجيه القارئ نحو فهمه واستثماره.

**الكلمات المفتاحية:**
النوع الاجتماعي، الكاتبة التقليدية، الكتابة النسوية، الكتابة الذكورية، فضاء الكتابة، نقد الكتابة النسوية.

## Abstract

This research aims to introduce and develop the discourse of “women’s writing” by addressing questions about the key turning points and intersections in women’s relationship with language, society, customs, and religion. The study examines the historical roots of societal structures, the dominance of masculine literature, and the factors contributing to the weakness and decline of women’s writing. A number of traditional pre-uprising women writers, as well as post-uprising writers, are examined, with the latter considered foundational to the emerging discourse structure . Due to the absence or limited development of critical approaches to this discussion, the study encounters challenges in clearly identifying literary works as carriers of this female discourse . Therefore, on the basis of four main elements (social vision, the role of the individual and self, the depth of expression, gender symbolism and purpose in literary production), She proposed a critical model of “women's writing criticism” that would become a scientific and critical basis for the reader's use of this discourse

**Keywords:** women gender, traditional women writers, women’s writing, men’s writing, writing space, criticism of women’s writing